
UZBEKISTAN
TURKMENISTAN
TAJIKISTAN
Tehran
Herat
Kabul
AFGHANISTAN
IRAN
(PERSIA)
Bandar E-Abbas
FREE
BALUCHISTAN
Karachi
Gwadar
U.A.E.
OMAN




# دەوڵەتی کوردستان

## لە سیستم و نەخشە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سـیمای هاوولاتیانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کە سێ شـاره گەورەکەی هەرێمی کوردستانی عێراقن، گەشبینییەکی تازەی پێوه دیاره، هۆکاری ئەم گەشبینییە زۆرن، لەوانە، هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی شـێوه سەربەخۆیەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوه دەبرێت، بەراورد بە بەشـەکانی دیکەی عێراق، ئاستێکی بەرزی ئاشتی و سـەقامگیری تێدا دابین کراوه و بەرەو کۆمەڵگەیەکی کراوه و مۆدرێن هەنگاو هەڵدەگرێت. لەدوای سـاڵی **٢٠١٢**ـەشـەوه متمانەیەکی گەورەیان پەیداکردووه بەوەی ئابوورییەکی سـاوا لەدایك بووه و ورده ورده پتەوتر دەبێت، ئەم متمانە بەخۆکردنە لەو کاتەوە زیاتر دروسـت بووه کە کۆمپانیا گەورەکانی وەك ئیکسۆن مۆبیل، شیڤرۆن، تۆتاڵ، گازپـرۆم، بۆ دەرهێنانی نەوت و گاز هاتنە ئەم هەرێمە و هەمووشیان راسـتەوخۆ گرێبەسـتیان لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان ئیمزا کردووه، بۆیـە لەم بارودۆخـەدا تەنیا ئـەوه جێگـەی سەرسـامی نییە کە دەبینرێت هەرێمی کوردستان هەنگاوی بێ وێنـە لە پرۆسـەی ئاوەدانکردنەوه هەڵدەگرێـت، بەڵکو ئـەوەی جێگەی هەڵوەسـتە کردنە ئەوەیە، ئێستا گەلی کوردستان گەیشـتۆتە ئەو قەناعەتەی کە خۆیان پێشـتر مەزندەیـان نەدەکرد، ئەویش ئەوەیە ئەو ئاواتەی خەویان پێوه دەبینی بۆ ئەوەی لەعێراق رزگار بێت، ئێسـتا ئەو رۆژە نزیکە، هەربۆیە چەند کورد هەنگاو بەرەو پێشەوه هەڵدەگرێت، ئەوا گوشارەکان لەلایەن نوری مالیکی سـەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقەوه زۆر زیاتر دەبن.



**یۆست هێلترمان**

جێگری سـەرۆکی گرووپی دیراساتی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان

لە دیراسەتی

**تۆڵەسەندنەوەی کورد:**

**دوورکەوتنەوەیە لە بەغدا**

## جیاوازی نێوان سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار

پرۆفیسۆر ئۆستن ڕەنی لە کتێبی (سیاسەتی حکومڕانی) بەراوردکارییەك لەنێوان سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار دەکات و بەو شێوەیە پێناسەی کردووە، سیاسەتمەدار ئەو کەسەیە کە تەواوی بۆچوون و تێڕوانینەکانی لەسەر سندوقی داهاتووی هەڵبژاردن چڕدەبێتەوە و سیاسەتمەدار ئەوەی دەبینێ سندوقی داهاتووی هەڵبژاردنە، بەڵام دەوڵەتمەدار (Statesman) ئەو کەسەیە کە دووربینانە سەیری بارودۆخەکە دەکات و داهاتووی نەوەکانی ئاییندە دەبینێت. لەم خاڵەوە دەوڵەمەتدار کاتێك هەنگاو بۆ ئامانجێکی گرنگی نەتەوەکەی هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی لەروانگەی خۆشگوزەرانی بۆ ئێستا و نەوەکانی ئاییندە ئامانجەکەی دیاری کردووە، ئەوا پێش ئەوەی ئەم ئامانجە رابگەیەنێت و بانگێشەی سیاسیی بۆ بکات، هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ بارودۆخەکە دەکات، سەیری نەخشەی سیاسیی ئەو ناوچەیە و بارودۆخی سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکات و هەموویان پێکەوە گرێدەداتەوە بەوەی ئایا لەو بارودۆخە ئەم ئامانجە دێتە دی یان نە؟ هەربۆیە کاتێك سەرۆکی دەوڵەتمەدار لە روانگەی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و دابینکردنی ئاییندەیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەی دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە ئامانجە نەتەوەیەکەی بۆ گەلەکەی ئاشکرا بکات، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخە بابەتی و خودییەکانی قۆناخی نەتەوە و ژینگەی سیاسیی ناوچەکە و جیهان بەو ئاستە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە کە سەرۆکی دەوڵەتمەدار بۆی کردووە، بۆیە زۆر جار رای گشتی نەتەوە و هەروەها کاردانەوە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکانیش جۆرە لێکدژیەك بەرامبەر ئەو بۆچوونەی سەرۆکی دەوڵەتمەداری لێدەکەوێتەوە.

مێژووی سیاسەت چەندین نموونەی بڕیاری سەرۆکە دەوڵەتمەدارەکانی تۆمار کردووە، هەر بۆ نموونە کاتێك ئەبراهام لنکۆڵن شەڕی دژی کۆیلایەتی راگەیاند، کۆنگرێس رەزامەندی پیشاننەدا، بۆیە لنکۆڵن وەك سەرۆك و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان خۆی بڕیاریدا و لەهەمانکاتدا بینایەکی تازەشی بۆ کۆنگرێس دروستکرد، بۆ ئەوەی دوای شەڕ، کۆنگرێس لەو بینایە تازەیە لێپرسینەوەی لەسەر ئەو بڕیارە لەگەڵ بکەن.

هەورەها رۆزفەلت کە چوار جار لەسەر یەك وەك سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردراوەتەوە، لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو، کۆنگرێس رازی نەدەبوو، ئەمریکا ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، بەڵام رۆزفەلت وەك سەرۆکێکی دەوڵەتمەدار و لەپێناوی ئاییندەی ئەمریکا، بڕیاریدا، فەرمانی بەشداریکردن لە شەڕی جیهانی دووەم لە گەلەکەی وەربگرێت، بۆیە فەرمانی کرد هەموو هاووڵاتیەکی ئەمریکا نەخشەیەکی ئەوروپا بکڕێت، بۆ ئەوەی هەفتانە کاتێك گوێ لە وتاری هەفتانەی سەرۆك دەگرن، نەخشەکەیان لەبەردەست بێت و بزانن، هەردوو سیستمی فاشی و نازی چ مەترسیەك لەسەر ئاییندەی جیهان و ئاییندەی ئەمریکا دروست دەکەن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا بەشدار بێت و هەر لەو کاتەشەوە ئەمریکا بووە هێزی ژمارە یەك لە جیهاندا.

نموونەی لەم جۆرە زۆرن، بەڵام لێرەوە دێینە سەر ئەو هەڵسەنگاندنە وردو لۆژیکانەیەی کە سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٧ بۆ نەخشەی سیاسیی ناوچەی رۆژهەڵات و کۆی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە کردوویەتی، لە هەمان کاتدا ئەم هەڵسەنگاندنە بەراورد دەکەین بە هەڵسەنگاندنێکی دیکەی سەرۆك مسعود بارزانی کە لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٢ بۆ هەمان بارودۆخی کردووە، لێرەدا بەجیا هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر هەردوو هەڵسەنگاندنەکە دەکەین:

### هەڵسەنگاندنی سەرۆك بارزانی ٢٠٠٢-٢٠٠٧

لە ساڵی ٢٠٠٢ هەڵسەنگاندنی سەرۆك بارزانی بۆ بارودۆخی عێراق و ناوچەکە بەوجۆرە بوو کە چیدیکە ئەمریکا و هاوپەیمانان سەبریان بەرامبەر رژێمی بەعسی پێشوو نەما و بەهەر رێگەیەك بێت، ئەوجا نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریان بکات یان نە، ئەوا رژێمی بەعس نامێنێت و دەڕووخێنرێت، سەرۆك بارزانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردستان و ئامانجە نیشتمانییەکانی بۆ عێراقی تازە بەمجۆرە راگەیاند، ئەمە پێش ئەوەی هێرشی هاوپەیمانان بۆ رووخانی رژێمی بەعس دەست پێبکات:

١. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢، لەو کاتەی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمی باس لەوە دەکرا، رووخانی رژێمی بەعس، راستەوخۆ دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناوچەی دژە فڕین (هەرێمی کوردستان) ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆیە وتووێژیان لەگەڵ هاوپەیمانان لەسەر ئەوە بوو، چۆن ناوچەی دژە فڕین داگیربکرێت و بکرێتە بەرەی باکور بۆ رووخانی رژێمی بەعس، لەم کاتەدا، بەڕێز مسعود بارزانی تەنیا سەرکردە بوو بە هەموو جیهانی راگەیاند ئەمری واقیعی ناوچەی دژە فڕین بۆتە ئەزموونێکی حکومڕانی دیموکراتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و دەبێت ئەم ئەمری واقیعە بچەسپێت، لەمەش زیاتر کاتێك هەڕەشەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی دەوڵەتانی دراوسێ هەڕەشەی هێرشی سەبازی بکەنە سەر کوردستان، بەڕێز مسعود بارزانی بە قەڵەمی خۆی و بەناوی خۆی لە نووسینێکدا کە وەك سەروتاری رۆژنامەی برایەتی (خەباتی ئێستا) بڵاوکرایەوە، بە جیهانی راگەیاند، دەبێت ئەو دەبابانەی کوردستان داگیر دەکەن، پێش داگیرکردنی کوردستان بەسەر لاشەی بارزانیدا بڕۆن. ئەوانەی غەدر لە ویژدانی خۆیان ناکەن، دەتوانن ئەو رۆژە بێننەوە بەرچاوی خۆیان، کە هیچ سەرکردەیەکی سیاسیی کوردستانی نەبوو بتوانێت خۆی

**گرنگترین خاڵ کە مالیکی ناتوانێت پێوەی پابەند بێت ئەوەیە، کە بەپێی دەستووری عێراق، دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی بەوجۆرە دابەش دەکرێت، کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی حەسری و سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێت، بەڵام ئەقڵی مالیکی بەوجۆرەیە دەبێت حکومەتی فیدراڵی حکومەتێکی سەنترالی بەهێز بێت و هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆیدا بێت، بۆیە ئەمەش هەرگیز لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە قبوڵ ناکرێت**

بکاتە شەریکی هەڵوێستەکەی بارزانی، هەموو پێیانوابوو، ئەوەی بارزانی دەیکات بێجگە لە موغامەرەیەکی سیاسی شتێکی دیکە نییە.

بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ سەرکردەیەکی کوردستانی و تەنانەت عێراقی و ئیقلیمیش وەك بەڕێز مسعود بارزانی هەڵسەنگاندنی ورد و لۆژیکانەیان بۆ بارودۆخەکە دروست نەکردبوو، هەموو هەڵوێستەکەی بارزانیان لا سەیربوو، بەڵام پاش ئەوەی گەیشتنە قەناعەت کە هەڵسەنگاندنی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئاییندەی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تەواوی عێراق و ناوچەکەیە، ئەوەبوو، پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، هەموو جیهان ناچاربوو بە بایەخەوە گوێ لە بوچوونەکانی سەرۆك بارزانی بگرن، کۆنگرەکانی لەندەن و پاریس لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ میوانداری ئۆپۆزسیۆنی عێراق بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی شاهیدن، چۆن هەموو جیهان گوێی بۆ بۆچوونەکانی بارزانی رادەگرت، تەنانەت سەرنووسەری رۆژنامەی زەمانی لەندەنی دوای کۆنگرەی لەندەن وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (ئەگەر بارزانی نەبوایە) ئەمەش واتە ئەگەر بارزانی لەو کۆنگرەیە بوونی نەبوایە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بە چ ئامانجێك کۆتایی پێدەهات.

٢. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بووە بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و لەوکاتەی خەڵك دەترسا، وەك کاردانەوەیەك لەلایەن رژێمی بەعسەوە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆری خەڵکیش لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر بەغدا، شارەکانیان بەجێهیشتبوو، سەرۆك مسعود بارزانی لە ئێوارەی ٢٠ ئاداری ٢٠٠٣، واتە دوای تێپەڕبوونی تەنیا ٢٤ کاتژمێر بەسەر هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر بەغدا، لەسەر قەڵای هەولێر و لەبەردەم کامێرای دەزگاکانی راگەیاند، بەدەستی خۆی ئاگری نەورۆزی کردەوە، ئەمەش مانای ئەوەبوو، سەرۆك بارزانی بە جیهانی راگەیاند نەورۆزی ٢٠٠٣ نەورۆزی ئازادییە بۆ کوردستان و تەواوی عێراقیەکان.

٣. لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەسەردەمی یاسای دەسەڵاتی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە بەوەی پێویستە کورد لە داڕشتنی ئەم یاسایە رۆڵێکی کاریگەری هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە دەبێتە بناخە بۆ داڕشتنی دەستووری عێراق، بۆیە لە یاسای کاتی ماددەی ٥٨ دیاری کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پاشان ئەم ماددەیە لە دەستووردا بووە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

٤. لە داڕشتنی پرۆسەی دەستووری عێراقدا، پێداگیری بارزانی لەسەر چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان بە (کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری و ئەرمەنەوە)، بەڵگەن لەنێو وتاری ئەو رۆژنامەنووس و پسپۆرانەی لە نزیکەوە چاودێری پرۆسەی داڕشتنی دەستووری عێراقیان دەکرد، ئەوان ئاگادار بوون لایەنی ئەمریکی چەند گوشاریان دەخستە سەر بارزانی بۆ ئەوەی هێندە پێداگیری نەکات، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری کە یەکێك بوو لە راوێژکارە دەستوورییە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەرێمی کوردستان، لە وتارێکیدا کە لەرۆژنامەی لۆس ئەنجۆلس تایمز لە ٢٠٠٥ بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە رای گشتی ئەمریکای لەوە ئاگادار کردۆتەوە، ئەگەر ئەمریکیەکان بەو ئاستە گوشار بخەنە سەر بارزانی، ئەوە پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی لەسەر مافی گەلەکەی سازش ناکات و گەلەکەشی لێیی قبوڵ ناکات، ئەمەش مانای ئەوەیە بەڕێز مسعود بارزانی دەیزانی چۆن عێراقی داهاتوو سەقامگیر دەبێت و چۆن مافەکانی کوردیش دەپارێزرێت.

٥. دوای تەواوبوونی پرۆژەی دەستوور و ئامادەکردنی بۆ راپرسی، بزووتنەوەیەکی خۆبەخش بۆ سازدانی ریفراندۆمێکی نافەرمی رێکخرا بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ راپرسی لەسەر دەستوور ئەو ریفراندۆمە ئەنجامبدرێت، بەڕێز مسعود بارزانی پشتگیری ئەم پرۆسە نافەرمیەی کرد لەبەر دوو هۆکار:

ا- بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان و عێراقیەکان لەو راستیە تێبگەن، ئەو مافانەی لەدەستووری عێراقدا بۆ کورد سەلمێنراون، لانی کەمی داخوازییەکانی گەلی کوردستانە، گەلی کوردستان بە سەربەخۆیی کەمتر رازی نابێت. ئەنجامی راپرسیە نافەرمیەکەش دەریخست ٩٩٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە.

ب- لەگەڵ بوونی ئەم دیکۆمێنتە نافەرمیە و لەگەڵ بوونی ئەو ئەمری واقیعەی کە هەرێمی کوردستان پێش ٢٠٠٣ خۆی سەربەخۆ بووە، بەڵام لە پێناوی ئەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و ئارەزوومەندانە دروست بێتەوە لە عێراقدا، کورد ئامادەیە ببێتەوە بە بەشێك لەو عێراقە فیدرالی و ئارەزوومەندانەیە، ئەمەشی وەك خاڵێك چەسپاند، دەستووری عێراق تەنیا رایەڵەیە کە کوردستان بە عێراقەوە گرێدەداتەوە.

٦. لە دوای پەسەندکردنی دەستوور لە ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان کەوتە پیادەکردنی هەموو مافە دەستوورییەکانی خۆی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ سازدانی ریفراندۆم و، بۆیە لەماوەی ٢٠٠٥ — ٢٠٠٧، کە نەتوانرا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و بارودۆخی عێراقیش گۆڕا بۆ شەری مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە، تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات.

**ئێستا زەمینەیەکی لەبار هەیە گۆڕانکاری گەورە و ریشەیی سەبارەت بە پابەندبوونی ئەمریکا بە نەخشە تەقلیدیەکەی سایکس پیکۆ بمێنێت و چیدیکە یەکپاچەیی سوریا و عێراق هێڵی سور نەبێت**

**سەرەتای ٢٠٠٨ بووە ساڵی گۆڕانکاری لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهان، دەرکەوت ئەو دەوڵەتە ئەمری واقیعەی بارزانی نەخشەی بۆ داڕشتووە دەوڵەتێکی هاوچەرخە، بۆیە پەیتا پەیتا دەوڵەتانی جیهان کەوتنە کردنەوەی کونسوڵخانە لە هەولێر، کە ئێستا نوێنەرایەتی چوار دەوڵەتی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش لە هەولێر بوونیان هەیە و دەوڵەتی پێنجەمیش کە کۆماری چینی میللی-یە بەنیازە کونسوڵخانە بکاتەوە**

## هەڵسەنگاندنی بارزانی
## ٢٠٠٧- ٢٠١٢

لە دوای ساڵی ٢٠٠٧، زۆر لە ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەوەی ئەمریکا لە ڤێتنام بەسەری هات، لە عێراقدا دووبارە دەبێتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو پیتەر گالبریس کتێبێکی بە ناونیشانی (کۆتایی عێراق) نووسیوو هەمان ساڵ بڵاوی کردەوە.
سەبارەت بە تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم بارودۆخە پرۆفیسۆر یۆست هێلترمان جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان، لەدیراسەتێکدا کە ساڵی ٢٠١٣ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە بەناونیشانی (تۆڵەسەندنەوەی کورد: دوورکەوتنەوەیە لەبەغدا)، ڕاشکاوانە ئەم ڕاستیانەی خستۆتەڕوو:
- یۆست هێلتەرمان نووسیوویەتی بارزانی دەیزانی ئەو عێراقەی دوای ٢٠٠٧ ئەو عێراقە نییە کە لە دەستووری ٢٠٠٥ ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە قەت کورد رازی نابێت بەشێك بێت لەو عێراقەی کەبەرەو دەوڵەتێکی سەنترالی بەهێز هەنگاو هەڵدەگرێت.
- لە ساڵی ٢٠٠٧ دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان و بەغدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدرالی، بارزانی لەوە تێگەیشت کە حکومەتی بەغدا نایەوێت کورد مافە دەستوورییەکانی خۆی پیادە بکات، بۆیە فەرمانیدا، پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆ یاسای نەوت و گازی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەربکات.
- بارزانی دەیزانی هەندێك لە ڕەفتارەکانی مالیکی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس دەچن، بۆیە بۆ ئەمەشیان کورد کە نزیکەی سەدەیەك قوربانی بۆ ئازادی دابێت، ئەوا بە ئاسانی بەو واقیعە رازی نابێت.
- لەم بارودۆخەدا لایەنی ئەمریکی گوشارێکی زۆریان خستبووە سەر بارزانی بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتی بەغدا بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی دڵنیابن لە یەکپارچەیی عێراق، بۆیە لەوکاتەی کورد ناچار بوو هاوکاری حکومەتی عێراق بکات، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆشی پیادە دەکرد بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئەمری واقیع دروست بکات.
- هێلترمان نووسیوویەتی، هەر لەم ماوەیەدا واتە لە ٢٠٠٧، کاتێك ئەمریکا بڕیاریدا هێزی بەپەلە لەچوارچێوەی پرۆسەی (Surge) ڕەوانەی عێراق بکات، کورد دەیزانی ئەمریکا هەڵەیەکی گەورەی کردووە، لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی کوردەوە، کێشەکانی عێراق بە بەشداری ڕاستەقینە لە پرۆسەی سیاسیی دێتە ئاراوە نەك بە چەکدارکردنی هۆزە سوننەکان، کە ئەمە تەنیا بووە هۆکاری ئەوەی مالیکی زیاتر هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵبگرێت.

ئەگەر ئەم خاڵانەی پرۆفیسۆر هێلترمان لەبەرچاو بگرین و ئەو پرسیارە بکەین، لەو کاتەوە کە سەرۆك بارزانی هەستی بەوەکردووە، ئەو عێراقەی کورد لە ٢٠٠٥ ئومێدی بۆ دەخواست، لە ٢٠٠٧ کۆتایی هاتووە، ئایا چۆن مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخەکە کردووە؟
بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بە گەڕانەوەمان بۆ بۆچوونی ئەو کەسانەی کە داڕێژەری سیاسەتی ئەمریکی بوون، جارێکی دیکە هەڵسەنگاندنی ورد و لۆژیکانەی سەرۆك بارزانیمان بۆ دەردەخات کە چۆن لەناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیە، کاری لەسەر سەربەخۆیی کوردستان کردووە و چۆن ئەم خەونە نەتەوەییەی کردۆتە ئەمری واقیع، بۆ ئەمە گرنگە چەند خاڵێکی گرنگ بێنینەوە بەرچاوی خۆمان:
١. لە ٢٠٠٧/١١/٥، لەو کاتەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەگەڵ سەرۆك بوش کۆبوونەوەی هەبوو، بۆ ئەوەی ئەمریکا تیشکی سەوز بداتە تورکیا و سوپای تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وتارێکی لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوکردەوە و بە ڕای گشتی ئەمریکای ڕاگەیاند ئێمە دەست بۆ ئاشتی درێژ دەکەین و کێشەکان بە چارەسەری سەربازی چارەسەر نابن، لەم وتارەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە ڕاشکاوی سیاسەتی سەرۆك بارزانی بۆ عێراق و ناوچەکە خستبووە ڕوو. ئەمەش مانای ئەوەیە لەو کاتەی بەغدا مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستانی پێشیل دەکرد، نزیکترین دراوسێمان کە تورکیا بوو دانی بە شەرعیەتی دەستووری هەرێمی کوردستان نەدەنا.
٢. کاتێك ئەمریکا تیشکی سەوزی دایە حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی سوپای تورکیا چەند هێرشێکی سنوردار بکاتە سەر ناوچە سنورییەکان، ئەم هێرشانە نارەزاییەکی گەورەی کوردستانی لێکەوتەوە و سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند ئەمە قبوڵ ناکرێت و هیچ کێشەیەکی سیاسی بە شێوازی سەربازی چارەسەر ناکرێت، ئەمریکا لە پەیامەکەی بارزانی تێگەیشت، بەڵام ژەنراڵەکانی سوپای تورکیا ویستیان لەم پەیامە تێنەگەن، بۆیە وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بەسەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیای ڕاگەیاند کە کۆشکی سپی داوا دەکات بە زوویی و بەپەلە لە هەرێمی کوردستان بکشێنەوە، لەبەرامبەردا سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا، بە گاڵتەجاریەوە گوتبووی، بۆ کاری سەربازی لەوانیە کشانەوەی بە پەلە و زوو چەند مانگێك یان چەند ساڵێك بخایەنێت، بەڵام کە ئەویش تێگەیشت ئەمە جدیە و گاڵتەجاری نییە، بۆیە پێش ئەوەی حکومەت ئاگادار بکاتەوە، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا فەرمانی کرد لە هەرێمی کوردستان بکشێنەوە.
٣. بۆیە لە سەرەتای ٢٠٠٨ بووە ساڵی گۆڕانکاری لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهان،

**یۆست هێلتەرمان نووسیوویەتی بارزانی دەیزانی ئەو عێراقەی دوای ٢٠٠٧ ئەو عێراقە نییە کە لە دەستووری ٢٠٠٥ ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە قەت کورد رازی نابێت بەشێک بێت لەو عێراقەی کەبەرەو دەوڵەتێکی سەنترالی بەهێز هەنگاو هەڵدەگرێت**

**لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەسەردەمی یاسای دەسەڵاتی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق، سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردووە بەوەی پێویستە کورد لە داڕشتنی ئەم یاسایە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە دەبێتە بناخە بۆ داڕشتنی دەستووری عێراق**

**لەبەر ئەوەی هیچ سەرکردەیەکی کوردستانی و تەنانەت عێراقی و ئیقلیمیش وەک بەڕێز مسعود بارزانی هەڵسەنگاندنی ورد و لۆژیکانەیان بۆ بارودۆخەکە دروست نەکردبوو، هەموو هەڵوێستەکەی بارزانیان لا سەیربوو، بەڵام پاش ئەوەی گەیشتنە قەناعەت کە هەڵسەنگاندنی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا بۆ بەرژەوەندی ئایندەی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تەواوی عێراق و ناوچەکەیە، ئەوەبوو، پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، هەموو جیهان ناچاربوو بە بایەخەوە گوێ لە بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی بگرن**

دەرکەوت ئەو دەوڵەتە ئەمری واقیعەی بارزانی نەخشەی بۆ دارِشتووە دەوڵەتێکی هاوچەرخە، بۆیە پەیتا پەیتا دەوڵەتانی جیهان کەوتنە کردنەوەی کونسـوڵخانە لە هەولێر، کە ئێستا نوێنەرایەتـی چـوار دەوڵەتی هەمیشـەیی ئەنجوومەنی ئاسـایش لە هەولێر بوونیان هەیە و دەوڵەتی پێنجەمیش کە کۆماری چینی میللی-یە بەنیازە کونسوڵخانە بکاتەوە.

٤. هەر لەبەر رۆشـنایی هەڵسەنگاندنە وردو لۆژکیەکانی سـەرۆك بارزانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو لە پەرەپێدان بەکەرتی نەوت و گاز، هەتا لە٢٠٠٩/٦/١ بە فەرمی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی رایانگەیاند کوردستان بووە یەکێك لە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و کوردستان کەوتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی.

٥. ئەم وەرچەرخانە خێرایەی هەرێمی کوردستان و هەڵکشانی ئاسـتی پێوەنـدی بازرگانی و ئابووریی نێـوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بووە بنەمای ئەوەی تورکیا سیاسەتی (سفر کێشە) لەگەڵ دراوسێکانی پیادە بکات، ئەم سیاسەتە بووە هۆکاری دروست بوونی متمانە و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بووە هۆکاری ئەوەی نەك هەر تورکیا دان بەشـەرعیەتی دەسـتووری هەرێمی کوردستان بنێت، بەڵکو کونسـوڵخانەی لە هەولێر کردەوە، لەمەش زیاتر بەکارهێنانی ناوی کوردستان لەناو میدیاکانی تورکیا سانسۆری لەسەر هەڵگیرا و ئەمە درێژەی کێشا بۆ گەیشتن بە سیاسـەتی کرانەوەو چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، کە ئێستا ئەم پرۆسەیە بەردەوامی هەیە.

٦. لە بەرامبـەردا حکومەتی عێراق و شەخسـی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق، لە سیاسەتی پیلانگێڕی و تاکتیکی بەرامبەر بە مافە دەسـتوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، هەر بۆ نموونە:

ا- نـوری مالیکی دژی ئەوەبوو کـە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز لەهەرێمی کوردسـتان بکرێت و هەروەها دژی ئەوەبوو کە راستەوخۆ کۆمپانیاکانی نەوت و گاز گرێبەست لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا بکەن، تەنانەت ناوی چەندین کۆمپانیاشی خستە لیستی رەشەوە لەبەر ئەوەی کۆنتراکتیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە.

ب- بەڵام هەر ئەم نوری مالیکیە لە سـاڵی ٢٠٠٩ دوای ئەوەی کوردسـتان بووە بەهەمهێنەری نـەوت، رازی بوو نەوتی کوردسـتان بە رێگەی بـۆری نەوتی کەرکوك — جەیهان رەوانەی دەرەوە بکرێت و بفرۆشرێت.

ج- ئەگەر سەیری ئەو دووخاڵەی سەرەوە بکەین، ئەوە مانای ئەوەیە کۆنتراکتەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردسـتان دەسـتوورین و حکومەتی هەرێمی کوردسـتانیش ئامادەیە نەوتی کوردسـتان بە بۆرییە نەوتیەکانـی عێراق رەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات، راشـکاوانەتر ئەوکات حکومەتی هەرێمی کوردسـتان کێشەی لەسـەر ئەوە نەبووە (سۆمۆ) نەوتی کوردسـتان بنێرێتە بازاڕەکانی جیهان، بەڵام ئەوەی کێشەی دروستکرد، پیلان و تاکتیکەکانی حکومەتی عێراق بوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئەویش بە پێنەدانی هەقی ئەو کۆمپانیانەی نەوتی کوردسـتان بەرهەم دەهێنن، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستووری عێراق، پێدانی هەقی کۆمپانیاکان لەسـەر بودجەی ساڵانەی عێراقە، ئەمە وایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بێت نەوتەکە رابگرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەقی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لە بەشـە بودجـەی خۆی بدات، و داهاتی نەوتیش دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە لەبری ئەوەی قازانج بکەین، زەرەر دەکەین.

د- لەماوەی ساڵانی ٢٠١٠ — ٢٠١٣، کێشمە کێشی نێوان هەرێمی کوردسـتان و بەغدا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی و دەرکردنی یاسـای نەوت و گازی فیدرالی بەردەوامی هەبووە، هۆکاری سـەرەکیش بۆ نەگەیشتن بە رێککەوتن لەسەر ئەم پرسە، خۆ گێلکردنی نوری مالیکی سـەرۆك وەزیرانی عێراقە لە بونیادنانەوەی عێراق لەسـەر بنەمـای فیدرالی و دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان بەپێی ئەو شـێوازەی لە دەسـتووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، گرنگتریـن خاڵ کە مالیکی ناتوانێـت پێوەی پابەند بێت ئەوەیە، کە بەپێی دەسـتووری عێراق، دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێمـەکان و حکومەتی فیدرالی بەوجۆرە دابەش دەکرێت، کە دەسـەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی حەسری و سنووردار بێـت و دەسـەڵاتی هەرێمەکان فراوان بێـت، بەڵام ئەقڵی مالیکی بەوجۆرەیە دەبێت حکومەتی فیدرالی حکومەتێکی سەنترالی بەهێز بێت و هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆیدا بێت، بۆیە ئەمەش هەرگیز لەلایەن هەرێمی کوردسـتانەوە قبوڵ ناکرێت.

هـ- بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشـانە و بەئاگا هێنانەوەی کەسـێکی وەك نوری مالیکی کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراقـە، حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە چوارچێوەی دەسـتووری عێراقدا هەنگاوی دیکـەی هەڵگرت، ئەویش دامەزراندنی دوو هێڵی بۆری نەوت بوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردسـتان راستەوخۆ نەوتی خۆی رەوانەی دەرەوە بکات و هەقی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوت بدات و پاشـان ئەم پارەیە بخرێتە ناو رەسـیدێکی بانکی بەناوی هەرێمی کوردسـتانەوە، لەبەرامبەر ئەمـە حکومەتی عێراق پەنای بۆ بڕینی بەشـە بودجەی هەرێمی کوردستان بردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا مالیکی دەتوانێت تاسەر یاری بەم کارتە بکات؟ ئەوە رۆژانی داهاتوو ئەم پرسیارە وەڵام دەداتەوە.

## ئەمریکا دەیویست پارێزگاری بە عێراقەوە بکات بەڵام ئێستا کۆمەڵێك دەوڵەت پێکەوە هەڵدەوەشێتەوە

باڵیۆز ئیتمارا رۆبینۆڤیچ کە ئێستا گەورە تۆژەری سەنتەری سـاباتە لە ئامـۆژگای برۆکینگز لە مانگی شـوباتی ٢٠١٤ دیراسـەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناویشانی (کۆتایی سـایکس پیکۆ و رامانێك سـەبارەت بە سیستمی دەوڵەتە

عەرەبیەکان)، کە ئێمە بۆ ئەم راپۆتە دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ کردووە و لەگەڵ ئەم راپۆرتە بڵاوی دەکەینەوە، راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، دەبوو کۆتایی سایکس پیکۆ لە عێراقەوە دەست پێبکات، بەڵام ئەمریکا ئەوکاتە دوای خست، بەڵام شەڕی سوریا بەنزینی بە ئاگرەکەدا کردوو، بۆیە لەمبارەوە نووسیوویەتی: ((لەگەڵ خراپتربوون و ئاڵۆزبوونی ناکۆکیەکەدا، گفتوگۆ و مشتومڕێکی بەربڵاوتر لەبارەی ئاییندەی سیستمی دەوڵەتی عەرەبیەوە هاتەئاراوە. هەرەسهێنانی سوریا، شەڕی بەردەوامی ناو عێراق، و ناسەقامگیر بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی هەندێ لە چاودێران پرسیاری ئەوە بکەن ئایا جوگرافیای ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ڕۆبین ڕایت، کە ڕۆژنامەنووس و توێژەرە لە سەنتەری نێودەوڵەتی ویدرۆ ویڵسۆن بۆ توێژەران، مشتومڕی ئەوە دەکات کە «نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن، کە تەوەری سیاسی و ئابووری سیستمی نێودەوڵەتیەوە بەرەو لێکترازان دەچێت» هەروەها ڕایت هۆشداری دەدات کە گرووپ و ئایدۆلۆجیا ململانێکارەکان ئاو بە ئاشی پارچە پارچەکردنی ناوچەکەدا دەکەن: «نەخشەیەکی نوێ لەسەر ئاستی ستراتیجی گەمەکە دەگۆڕێت، کە پریشکی ئەو گۆڕانکاریەش هەموو لایەك دەگرێتەوە، و ڕەنگە ببێتەهۆی دووبارە پێکهێنانەوەی هاوپەیمانێتیەکان، و تەحەددیە ئەمنییەکان و هەروەها بازرگانی و ڕۆیشتنی وزە لە زۆرێك لە جیهاندا.» بە هەمان شێوە، پاراگ خانا، کە توێژەری باڵایە لە دامەزراوەی نیو ئەمریکا، مشتومڕی ئەوە دەکات کە، «جگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ شوێنێکی دیکە نییە کە دووبارە بیرکردنەوە لە(دەوڵەت) پێویستتر بێت.» ئەو پێیوایە کە، «جارێکی دیکە عەرەب ناگەڕێتەوە بۆ شکۆی ڕابردووی، تەنیا بە دووبارە دارشتنەوەی نەخشەکەی نەبێت، کە هاوشێوە بێت لەگەڵ کۆمەڵێك مەڵبەندی خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی کە ڕێگاکانی ئاوریشمی بازرگانی پێکەوە گرێیان بدات.» کۆڵۆنێڵ جوۆێل ڕایبۆرن، لە ئەنستیتیوتی هوڤەر، ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگە بەدیلەکە دروستبوونی دەوڵەتگەلێکی نوێ نەبێت، بەڵکو هەرەسهێنانی ئەو دەوڵەتانە بێت. «ئەگەر چاودێریکردنی داڕووخانی — یان نزیکبوونەوە لە داڕووخانی- شەش دەوڵەتی عەرەبی لە بەهاری عەرەبیدا، شتێکی فێر کردبێتین، ئەوا دەبێت ئەوە دەرسە بێت کە ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی بە ڕواڵەت دەوڵەتگەلێکی سەقامگیر دەردەکەوتن لە دەرەوە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا لەوە ئاسانتر تێکدەشکێن کە ئێمە تێیگەیشتبووین)).

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا تەنیا توندوتیژی و شەڕ هۆکارن بۆ نەمانی نەخشەی سایکس پیکۆ و دەرکەوتنی سیستمێکی تازە لەناوچەکە، سەبارەت بەم لایەنە وەك لە ژمارەکانی پێشتری گوڵان بڵاومان کردەوە نەخێر، بەڵکو هەندێك گۆڕانکاری دیکە هەن کە لەوانەیە وەك هێزی نەرم کۆتایی بەو نەخشەیە بێنێت، لەم گۆڕانکاریەشدا هەرێمی کوردستان وەك وڵاتێکی خاوەن نەوت و بە بڕیاردانی بە هەناردەکردنی نەوت و پێشوازی تورکیا لەم بڕیارە کۆتایی بە سایکس پیکۆ هێناوە، لێرەدا ئەوەی دووبارە دەبێتەوە جێگەی پرسیارە ئەوەیە ئایا کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ، ئەو زەمینەیە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت؟ سەبارەت بەم پرسیارە باڵیۆز دینس رۆس کە دیارترین دیپلۆماتە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ هەردووك ئیدارەی کۆماری و دیموکراتی لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو بەردەوام کاری کردووە، لە موحازەرەیەکیدا کە لە ئابی ٢٠١٣ لە زانکۆی شیکاگۆ بۆ قوتابیانی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان پێشکەشی کردووە دەڵێت: (لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەو کاتەی بارودۆخ لەوپەڕی خراپیدا بوو لێیان پرسیم، ئایا کاتی ئەوە هاتووە دەستکاری نەخشەی سایکس پیکۆ بکەین، من پێمگوتن ناکرێت ئەوە بکەین، بەڵام ئەگەر ئێستا ئیدارەی ئەمریکی لێم بپرسێت ئایا ئێستا دەکرێت دەستکاری بکەین، لەوەڵامدا دەڵێم ئێستا بۆ دەستکاری سایکس پیکۆ لۆژیکی-یە و باشترە بگەڕێینەوە بۆ نەخشەکەی لۆرانسی عەرەب کە ١٩١٩ پێشکەشی کۆنگرەی ڤیرسای بۆ ئاشتی کردووە، بەپێی ئەم نەخشەیەش بەشێکی ئێران و تورکیا و عێراقی ئێستا دیاریکرابوو بۆ دەوڵەتی کوردستان)).

دینس رۆس کە لەساڵی ١٩٩٠ یاریدەدەری جێمس بیکەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، وەك جێمس بیکەر لە کتێبی (سیاسەتی دیپلۆماتی)ئاماژەی پێکردووە، رۆس دوا بزماری لە تابوتی شەڕی سارد داوە و ئەو توانی یەکێتی سۆڤیەت رازی بکات بۆ شەڕی یەکەمی کەنداو پشتگیری رزگارکردنی کوەیت بکات لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، بەمەش کۆتایی بەشەڕی سارد هات.

بۆیە ئەوەی رۆس باسی کردووە لە ئابی ٢٠١٣، جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێك دەبینین لەسەرەتای ٢٠١٤ ببێتە جێگەی باس و خواسی سەنتەرەکانی (وۆردۆ ولسۆن، کارینجی، برۆکینگز، هۆڤەر، دامەزراوەی نیو ئەمریکا، ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە) ئەمە مانای ئەوەیە ئێستا زەمینەیەکی لەبار هەیە گۆڕانکاری گەورە و ریشەیی سەبارەت بە پابەندبوونی ئەمریکا بە نەخشە تەقلیدیەکەی سایکس پیکۆ بمێنێت و چیدیکە یەکپاچەیی سوریا و عێراق هێڵی سور نەبێت، بەڵام ئەوەی لەهەمووی گرنگترە ئەوەیە، دەوڵەتی کوردستان لەم نەخشە تازەیە بەهێزیکی نەرمی ئەوتۆ دروست دەبێت کە نەك هەر پێگەیەکی ستراتیژی لەو نەخشە تازەیەدا دەبێت، بەڵکو رۆڵێکی سەرەکی لەئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەدا دەگێڕێت، بەڵام هێشتا پێناچێت سەرۆك وەزیرانەکەی بەغدا ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژیانە بێت.


**لە داڕشتنی پرۆسەی دەستووری عێراقدا، پێداگیری بارزانی لەسەر چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان بە (کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری و ئەرمەنەوە)، بەڵگەن لەنێو وتاری ئەو رۆژنامەنووس و پسپۆرانەی لە نزیکەوە چاودێری پرۆسەی داڕشتنی دەستووری عێراقیان دەکرد، ئەوان ئاگادار بوون لایەنی ئەمریکی چەند گوشاریان دەخستە سەر بارزانی بۆ ئەوەی هێندە پێداگیری نەکات**


## باڵیۆز ئیتمارا رابینۆڤیچ
گەورە تۆژەری سەنتەر سابان بۆ گوڵان:


# ئەگەر چەند سەرۆکێکی وەک مسعود بارزانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووایە ئێستا بارودۆخی ناوچەکە بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوو








باڵیۆز ئیتمارا رابینۆڤیچ لە مانگی شوباتی رابردوو، دیراســـەتێکی بە ناونیشانی (کۆتایی سایکس پیکۆ: رامانێك سەبارەت بە سیســـتمی دەوڵەتە عەرەبیەکان) پێشکەشی ســـەنتەری ســـابان تایبەت بە دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز کردووە، دیارە ئامۆژگای برۆکینگز، دوای ســـەنتەری وۆردۆ ویلسۆن و سەنتەری نیو ئەمریکا و ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە و سەنتەری هۆڤەر و بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی شیکاگۆ و سەنتەری واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك دێت، ئامۆژگایەکی دیکەی بەناوبانگە کە پرســـی دووبارە دارشـــتنەوەی ســـنوورەکان و کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ تاوتوێ دەکات، ئەوەی زیاتر لەم دیراســـەتەی سەنتەری ســـابان جێگەی هەڵوەستە و بایەخی زیاتر دەکات، ئەوەیە نووسەری ئەم بابەتە ئیتمارا رابینۆڤیچ جگە لەوەی وەك ئەکادیمیســـتێك سەرۆکی زانکۆی تەلئەبیب بووە و بەڕێوەبەری ســـەنتەری موشی دایان بووە بۆ دیراســـاتی ســـتراتیژی و ئێستاش یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ســـەنتەری ســـابان، لە هەمان کاتدا لەســـاڵانی نـــەوەدەکان یەکێك بووە لـــە دیپلۆماتکارە گەورەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا و هەروەها دوای ئەوەش سەرۆکی شاندی دانوستانکاربووە بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان سوریا و ئیسرائیل، ئەمەش وایکردووە ئەم دیراسەتە هەم لەرووی دیراســـەتی ئەکادییمەوە ئەکادیمێکی بەتوانا نووســـیبێتی، هەمیش لەرووی ئاستی دیپلۆماتییەوە کەســـێك نووســـیویەتی لە دیپلۆماتییەتی ناوچەکە و سیاســـەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و سیاســـەتی تازەی نێودەوڵەتی تێدەگات، گوڵان دوای خوێندنەوەی ئەو دیراســـەتە پێوەندی بە باڵیۆز ئیتمارا رابینۆڤیچ کردو لە وتووێژێکی تایبەتدا ئەم پرســـەی لەگەڵ تاوتـــوێ کردو، بەڕێـــزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە، هەروەها بۆ ئاشـــنابوونی خوێنەرانی گوڵان بە ناوەڕۆکی دیراســـەتەکەی رابینۆڤیچ چەند پەرەگرافێك لەناو ئەم دیمانەیە بڵاو دەکەینەوە.

*** سـەنتەری سابان لە دامەزراوەی برۆکینگز تەرکیز لەسـەر هەموو سیاسەتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردســتان دەکات، ئەمــەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەم سەنتەرە تەرکیز لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات، راوبۆچوونــی ئێوە چییە لەبــارەی هەرێمی کوردستانەوە وەك مۆدێلێکی سەرکەوتوو و گەشەکردوو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- ئاشکرایە هەرێمی کوردستان چیرۆکێکی سەرکەوتووەو ئەوەش روونە بەلای چاودێرانەوە کە کوردستان خاوەنی خۆبەڕێوەبەریەکی تەواوە (full Autonomy) و خاوەن گەشەیەکی ئابوورییە و ئەدایەکی زۆر باشی هەیە و من لەو هۆکارانە تێدەگــەم کە وا دەکات ئێوە هێڵ و سنووری خۆبەڕێوەبەریی بەرەو سەربەخۆیی تێنەپەڕێنن و وەك بەشێك لە عێراق بمێننەوە، کە ئێستا لە بنەڕەتدا خاوەنی سیستمێکی فیدراڵییە و کوردستانیش خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییەکی تەواوە (full Autonomy)، بەڵام بە رەوچاکردنی بارودۆخــە ئیقلیمییەکە، بە تایبەتی هەستیاریی تورکیا، ئەوا من لە حەزەری ئێوە تێدەگەم لەم رووەوە.

*** تا چ رادەیەك کوردســتان ئەزموون و چیرۆکێکی ســەرکەوتنە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دۆخێکی ئاڵۆز و شێواوی هەیە؟**

- حاڵی حازر ناوچەکە بە دۆخێکی دژواردا دەڕوات، لەبەر ئەوەی چەند دەوڵەتێکی شکستخواردو هەن لەم ناوچەیەدا کە کار و ئەرکەکانی خۆیان راناپەڕێنن، وەك عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و لیبیا. بە رەوچاوکردنی ئەوەی چارەســەرێکی بەپەلەش لە ئارادانییە بۆ ئەم کێشــانە، ئەوا پێویســت بەو گرتنەبەری رێگاچارەی ناتەقلیــدی دەکات بۆ حکومڕانی. ئێمە زیاتر و زیاتر ئەو دۆخــە دەبینین کە تێیدا دەســەڵاتی مەرکەزی لاوازە.. حاڵەتی خۆبەڕێوەبەریی (ئۆتۆنۆمی) رەسمی و نارەســمی دێتەئاراوە لە وڵاتەکانی دیکەدا، چونکە ئەگــەر لە بارودۆخی ســوریا بڕوانیت، ئەوا دەبینیت ئەگەرچی رژێمی سوریا ئەدایەکی باشتری هەیە لە شــەڕە ناوخۆییەکەدا، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە تەواوی خاکی سوریا کۆنترۆڵ بکاتەوە. لە لوبنان دەبینیت کە رێکخراوێکی وەك حزبوڵا بەهێزترە لە دەوڵەتی مەرکەزی لوبنان. لە لیبیا دەسەڵات بە تەواوەتی هەرەسی هێناوە و بە داخەوە خەڵکی وڵاتەکە جێدەهێڵن. و کارەســاتی پەنابەرانی لیبیــا هەیە....کەواتە لەم بارودۆخەدا کە دەوڵەتەکان لە هەرەســهێناندان، ئەوا توانای هەرێمی کوردســتان بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێــت و توانای بۆ ئیدارەدانی خۆی و باش بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، کە کاریگەریی هەیە لەسەر سەرووەری دەوڵەتی عێراق، بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوانی دیکە لە ناوچەکەدا.

*** ئــەو بارودۆخەی هەرێمی کوردســتان بەرهەمی لۆژیك و سیاســەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســتانە، ئایا تا چەنــد ئەم بەرهەمەی ســەرۆك بارزانی کاریگەری بۆ ســەر حکومڕانیی ناوچەکە دەبێت؟**

- ئەوە ئاشــکرایە کە لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاســتی نێودەوڵەتیش رێزێکی زۆر لە بەڕێز بارزانی دەگیرێــت، لەبەر ئەوەی توانــای گرێدانەوەی بەهرە و تواناکانــی هەیــە بۆ حکومڕانــی و بەڕێوەبردن و گەشــەپێدانی هەرێمەکە و زانینی سنووری تواناکان، لەگەڵ تێنەپەڕاندنی هەندێ هێڵی سوور، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەوڵەتدارییە و ئەو نموونەیەکە بۆ ناوچەکە، و ئەگەر لە ناوچەکەدا چەند ســەرکردەیەکی وەك ئەو هەبوونایــە، ئەوا ناوچەکە لە دۆخێکی زۆر باشــتردا دەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە پشتیوانی ئەوە دەکەین.

*** لە توێژینەوەکەتدا بەناونیشانی کۆتایی سایکس پیکۆ، کە مانگی شوباتی رابردوو لە سەنتەری سابان پێشکەشت کردووە، باست لە ئەگەری هەرەسهێنانی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی کردووە و پێشــبینی دووبارە رێکخســتنەوەی ناوچەکەت کردووە، ئەمە چۆن روودەدات؟**

- لە پێوەندیدا بەوەی پێی دەووترێت سیستمە کۆنەکە، ئەوا گۆڕانکارییەکی زۆر لە ســنووری دەوڵەتەکاندا روونادات، چونکە ئەمــە پێوەندیی هەیە بە گۆڕانی ســنوورە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمــەش وەك دیوارێکی لە خشــت دروســتکراو وایە، کە بە لابردنی خشتێك لــە دیوارەکە، تەواوی دیوارەکــە دەڕووخێت و هەرەس دەهێنێــت. لەبەر ئەوە دووردڵییەك دەبینیت لە گۆڕینی ســنووری دەوڵەتەکان، بەڵام گۆڕانکاری لە بونیادی ناوەوەی دەوڵەتەکاندا دروســت دەبێــت. ژمارەیەکی زیاتری هەرێمەکان ئۆتۆنۆمییەکی زیاتریان دەبێت. لە هەمووی گرنگتر پرســێکی دیکە هەیە کە بریتییە لە فرەیی لەم وڵاتانەدا کە دەبێــت رێکبخرێت، زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بەم شــێوەیەن، بۆ نموونە لە عێراقدا پێکهاتە و گرووپی جیاوازیی تێدایە و بە هەمان شــێوە لە سوریاشــدا گرووپی ئایینی و ئیتنی هەیە و سیستمە سیاسییەکەش رەنگدانەوەی ئەم فرەییە نییە. پێشبینی من ئەوەیە لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر و زیاتر سیســتمەکان رەنگدانەوەی فرەیی دەبن و رێزی لێدەگرن و دانپێدانان دەبێت بە گرووپە جیاوازەکان

**لەم بارودۆخەدا کە دەوڵەتەکان لە هەرەسهێناندان، ئەوا توانای هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت و توانای بۆ ئیدارەدانی خۆی و باش بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، کە کاریگەریی هەیە لەسەر سەرووەری دەوڵەتی عێراق، بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوانی دیکە لە ناوچەکەدا**

**پێشبینی من ئەوەیە لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر و زیاتر سیستمەکان رەنگدانەوەی فرەیی دەبن و رێزی لێدەگرن و دانپێدانان دەبێت بە گرووپە جیاوازەکان و ئەم گرووپانەش گوزارشت لە خۆیان دەکەن و دەسەلاتێکی کەمتری مەرکەز و خۆبەڕێوەبەرییەکی زیاتری ناوچەکان-هەرێمەکان- دەبینین**

**له ئێستادا چاوەڕوانکردنی گۆڕانی هێڵ و سنوورەکانی سایکس-پیکۆ تەنیا مەزەندەیە، و ئەوەی زیاتر ئەگەری روودانی لێدەکرێت گۆڕانە لە ناو ئەم دەوڵەتانەی ئێستادا**

و ئـــەم گرووپانەش گوزارشـــت لە خۆیـــان دەکەن و دەســـەڵاتێکی کەمتری مەرکەز و خۆبەڕێوەبەرییەکی زیاتری ناوچەکان-هەرێمەکان- دەبینین.

*** ئێوە باسی کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆتان کردووە، ئەمەش بە مانای هاتنەئارای نەخشەیەکی نوێ دێت و دەبێتە هۆی دابەشـــبوونی وڵاتان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دابەشبوونەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی دەبێـــت، ئایـــا بۆچوونتان چییە لەبـــارەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە؟**

- هـــەروەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد، مـــن دڵنیانیم لە دووبارە دارشـــتنەوەی هێڵەکان و ئەوەی پەیوەست بێت بە ســـورياوە من نازانم پەرەسەندنەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن، و باوەڕم وایە ناوچەی سەرەکی بۆ رووداني ئەم پەرەسەندنە سنووری ئێستای نێوان عێراق و سوریایە، چونکە هەروەك ئێوە دەزانن دانیشتوانی عەرەبی سوننە لـــە عێراقدا زۆر ناڕازین لەو باردودۆخەی ئێســـتا لە ئارادایـــە، ناڕازین لەو حکومەتەی لە دەســـەڵاتدایە و ناڕازین لەوەی دەســـەڵات کەوتۆتە دەســـتی شیعە و زۆرێك لەوان چاویان لە ســـەرکەوتنی ســـوننەیە لە ســـوریا، و ئێمەش دەزانین کە گرنگترین و گەورەترین گرووپی جیهادی کە شەڕ دەکات لە شەڕی ناوخۆیی سوریادا بریتییە لە داعش(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شـــام) و رەنگە ئەمانە بەشە ســـوننەکەی عێراق و بەشە ســـوننەکەی سوریا یەك بخەن، ئەگەرچی ئەمە تا ئێســـتا رووی نەداوە و دڵنیـــاش نیم کە روودەدات. کەواتە لە ئێســـتادا چاوەڕوانکردنی گۆڕانی هێڵ و سنوورەکانی سایکس-پیکۆ تەنیا مەزەندەیە، و ئەوەی زیاتر ئەگـــەری رووداني لێدەکرێت گۆڕانە لە ناو ئەم دەوڵەتانەی ئێستادا.

*** لـــە نەخشـــەی ســـایکس-بیکۆدا رێگـــری لـــە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کرا، دەنیز رۆزی گەورە دیپلۆماتـــکاری ئەمریکا باس لەوە دەکات بە کۆتایی هاتنی ئەم نەخشەیە و گەڕانەوە بۆ نەخشەی لۆرانسی عەرەبی، دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- ئێوە دەزانن کە رێککەوتنی سایکس-پیکۆ نزیکەی سەد ساڵی تەواو پێش ئێستا کراوە — لە ساڵی ١٩١٦-و ئاشکرایە کە پێوەندی بە واقیعی ئێستاوە نییە، یەکێك لـــە هەڵەکانی ئـــەو کەســـانەی دوای لێکترازاندنی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی نەخشەیان دارشتووە بریتی بوو لە فەرامۆشـــکردنی خەونـــی نەتەوەیی کوردی. ناوچە کوردییەکەش بەســـەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا و ئێستاش بۆ گۆڕینی ئەو بارە پێویستە شەڕ لەگەڵ ئـــەو چوارە دەوڵەتەدا بکرێت، لـــە هەموویان گرنگتر تورکیایە. تورکیا و ئێران خاوەنی دانیشتوانێکی گەورەی کوردن و دروستکردنی کوردستانی گەورە پێویستیی بە ناکۆکی و شەڕێکی گەورە دەبێت، لەبەر ئەوە پێموانییە ئەوە واقیعی بێت......هەروەها ئێســـتا چارەنووســـی هەرێمە کوردییەکەی سوریا بەسەر ئەگەرەکاندا کراوەیە و نازانین بە چ ئاڕاســـتەیەکدا دەبێت و ئەگەر کەسێك خەونی دروستکردنی ئەو قەوارە کوردییەی هەیە، ئەوا دەبێت هەڵوێســـتی تورکیا و ئێران لەبەرچاو بگرێت و ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە.

**کوردستان خاکێکی داخراوی هەیە و بۆ ئەوەی بتوانن ئەو وزەیە هەنارده بکەن و داهات بەدەست بهێنن لەو وزەیەی هەتانە، ئەوا پێویستە بە خاکی دەوڵەتە دراوسێکاندا بڕۆن و ئەمەش بەندە بە بوونی پێوەندییەکی باش لەگەڵیاندا و بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگیرێت**

*** لە توێژینەوەکەتدا لەبارەی کۆتایی هاتنی سایکس بیکۆ، پتر پێداگیریتان لەســـەر دۆخی ئاڵۆزی سوریا کردووە و ئاماژەتان بەوە کردووە ســـوریا یەکەم هۆکارە بۆ کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ و هەروەها باستان لە هۆکارەکانی وەك شـــەڕی شیعە و سوننە و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمای تایەفەگەری کردووە، تا چەند دۆخی سوریا کەموکوڕیەکانی سایکس-پیکۆی دەرخستووە؟**

- راســـتە لەم کاتەدا وا دەردەکەوێت رژێمی سوریا لە دۆخێکی باشـــتردایە لەڕووی ئەو شەڕە ناوخۆییەی کـــە لەو وڵاتەدا هەیە، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی بتوانێت تەواوی خاکی ســـوريا کۆنتـــڕۆڵ بکاتەوە. لەبەر ئەوە پرسی سوریا وەك پرسێکی کراوە دەمێنێتەوە لە ســـاڵانی داهاتـــوودا و ئێمەش دەبێـــت چاودێریی پەرەسەندنەکان بکەین.

*** عێراق لاوازتریـــن و لەرزۆکترین وڵاتە و ئەگەری دابەش بوونی لێدەکرێت بە گۆڕانی نەخشەی ناوچەکە، چونکی سەرۆك وەزیران، مالیکی هەنگاوی گەورەی بە ئاڕاستەی خۆســـەپێنیدا هەڵگرتووە و حاڵی حازر شـــەڕی تایەفەگەری- شیعە و ســـوننە- لە ئارادایە و هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئێســـتاش گەڕەکەکانی نێو بەغدا بـــە دیواری کۆنکرێتی لێك جیاکراونەتەوە، ئایا بە دابەشـــبوونی عێراق نەخشەی سیاسی ناوچەکە چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت؟**

- بە دڵنیاییەوە پرســـی عێراق پرسێکی ئاڵۆزە، لەبەر ئـــەوە هەروەك من پێشـــتر وتم، ئەمـــە حکومەتێکی شکســـتخواردووە- چونکـــە حکومەتـــی مەرکەزی دەسەڵاتی بەســـەر هەرێمە خۆبەڕێوەبەرییەکەی کورد و ناوچە سوننەکانەوە نییە، حکومەت دەسەڵاتی نییە. بەڵام بە هەرحاڵ توانراوە بونیادی دەوڵەتەکە وەك خۆی بمێنێتەوە. ئێوە دەزانن کە نزیکەی ســـەرجەم دەوڵەتانی

ناوچەکە لاوازن، بەڵام دەوڵەتە لاوازەکانیش دەتوانن بمێننەوە و بەردەوام بن و هێزێکی دەرەکی نییە کە دەوڵەتەکان برووخێنێت، ڕەنگە بۆ ماوەیەك عێراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو بمێنێتەوە و هەروەك ئاماژەم پێکرد کە عێراق تاکە دەوڵەتی شکستخواردوو نییە لەم ناوچەیەدا.

*** هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۲ەوە بەشێك نەبوو لە عێراق، بەڵام دوای دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە ساڵی ۲۰۰۳دا- لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتەکەدا بووە بەشێك لە عێراق، و ئێستاش سەرۆك بارزانی بەنیازی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە، ئایا تا چەند دەوڵەتی سەربەخۆ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا دروست دەکات؟**

- من گومانم هەیە لەم هەنگاوە، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کاردانەوەی تورکیاوە، هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێوەندیەکی باش لەگەڵ تورکیادا دروست بکات و تورکیاش زۆر هەستیارە لە ئاست دەوڵەت و سەروەریی کوردەکاندا، چونکە ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر دانیشتوانی کوردی وڵاتەکەی. لەبەر ئەوە من گومانم هەیە کە سەرۆك بارزانی لە ئێستادا و بە پەلە ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت.

*** لە هەرێمی کوردستاندا سەرچاوەیەکی زۆری نەوت و غاز لە ئارادایە- کە ئێمە دەزانین کە ئەم سەرچاوانە کاریگەریان هەیە لەسەر ناوچەکە- و ئێستاش هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەرهەمیان بهێنێت و هەناردەیان بکات و بەم هۆیەوە پێوەندیەکی باشی لەگەڵ تورکیادا دروست کردووە و توانیویەتی گەشەیەکی باشی ئابووری بکات، ئایا ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان؟**

-هەروەك دەزانن کوردستان خاکێکی داخراوی هەیە و بۆ ئەوەی بتوانن ئەو وزەیە هەناردە بکەن و داهات بەدەست بهێنن لەو وزەیەی هەتانە، ئەوا پێویستە بە خاکی دەوڵەتە دراوسێکاندا بڕۆن و ئەمەش بەندە بە بوونی پێوەندییەکی باش لەگەڵیاندا و بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەمە لەبەرچاو بگیرێت.

***دوا وتەت چییە؟**

-هەروەك پێشتر وتم من لە دوورەوە چاودێریی پەرەسەندنەکانی کوردستان دەکەم، و زۆرێك لە سەرکردەکانیانم بینیوە لە کۆنفرانسەکاندا و بەڕاستی سەرسام بوومە بە ئاستیان و بە شەخسی خۆشم هاوسۆزییەکی زۆرم هەیە بۆتان.



**ئیتمارا ڕابینۆڤیچ لەچەند دێڕێکدا**

**ئیتمارا ڕابینۆڤیچ پرۆفیسۆرە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی تەلئەبیب، هەروەها پرۆفیسۆرێکی دیاری جیهانییە لەزانکۆی نیویۆرك، ئێستا هەشت ساڵی تەواو کردووە لەسەرۆکایەتیی زانکۆی تەلئەبیب، هەروەها سەرۆکی سەنتەری موشی دایان بووە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.**

**لەماوەی ساڵانی ۱۹۹۲ - ۱۹۹٦ باڵیۆزی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا.**

**هەروەها سەرۆکی شاندی دانوستانکار بووە بۆ پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سوریا.**

**سەرۆکی بۆردی دان داڤید بووە.**

**جێگری سەرۆکی بۆردی ئامۆژگای دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی بووە، هەروەها سەرۆکی ڕاوێژکاری بۆردی پرۆگرامی (wexner-Israel) بووە لە ئامۆژگای برۆکینگز.**

**ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (APCO) یە لە هەمان کاتدا یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی سەنتەری سابان لە ناو ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز.**

# چەند پەرەگرافێک لەم دیراسەتەی کە ئیتمارا رابینۆڤیچ پێشکەشی سەنتەری سابانی کردووە

SABAN CENTER at BROOKINGS

MIDDLE EAST *memo*

Number 32 February 2014



*Syrian national flag flutters over a building controlled by forces loyal to President Bashar al-Asad in Ashrafieh, Aleppo September 17, 2013. | Reuters*

## THE END OF SYKES-PICOT? REFLECTIONS ON THE PROSPECTS OF THE ARAB STATE SYSTEM

ITAMAR RABINOVICH

لێکترازانی ئەو سیستەمە سیاسییەی لە ئارادایە لەناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆی هەیە نەخشە ستراتیژیەکە دابڕێژرێتەوە. لە ئێستادا، پێدەچێت کارلێکی نێوان قەیرانی سوریا و عێراق لەسەر یەکتری مەزنترین تەحەددی دروست بکات لەسەر نەخشەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە هەردوو وڵاتدا لە رووی شەرعیەت و کۆنترۆڵکردنەوە رژێمەکە رووبەڕووی تەحەددی سەرسەختانە بۆتەوەو کارلێکی نێوان ئەو دوو تەحەددیە- -شەڕی زۆرینەی سوننە لە دژی رژێمەکەی ئەسەد لە سوریا، و رەتکردنەوەی کەمینەی سوننە بۆ سیستەمە نوێیەکە لە عێراقدا، و نزیکبوونی هەردوو گرووپەکە لە یەکتری، و هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەلقاعیدەوە وەك تەوەری چالاکییەکانی- دۆخێکی دروست کردووە لە ناوچەکە کە ئەگەری تەقینەوەی توندوتیژیانەی لێبکرێت.

تەحەددی ئێستا بۆ سەقامگیری و لە هەندێ حاڵەتدا بۆ بوونی دەوڵەتەکە، پەرەسەندنی جیاوازی بەخۆوە بینی لە هەردوو دەوڵەتەکەدا- - وەك داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کێشەی تایەفەگەری نموونەیی لە سوریادا و خراپ ئیدارەدانی نارەزایەتیەکانی سەرەتا- لە ئازاری ٢٠١١دا- لەلایەن بەشار ئەسەدەوە، و کەڵەکەبوونی فشارە سیاسییەکان لەسەر سیستمی سیاسیی لوبنان و ئەردەن. بەڵام هەموو ئەمانە کاریگەر بوون بە رەوتە هەرێمایەتییەکان، ئەو جۆش و خرۆشەی لە بەهاری عەرەبیدا گوزارشتی لە خۆی کرد لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١دا، بزووتنەوە و ئینتیما ئاینییەکان رۆڵێکی گرنگتریان بینی و لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی دڵسۆز و وەلائی سەرەتایی (واتە ئیتنی و خێڵەکی و تایەفەگەری)، و کارکردنی هێزە ئیقلیمیەکانی دیکە بوونە هۆی پاراستنی ئەو دۆخەی ئێستا: ئەو تێڕوانینە هاوبەشەی کە روودانی دابەشبوونێك دەبێتە پێشینەیەك و زەمینە خۆش دەکات بۆ پشێوییەکی بەربڵاو لە ناوچەکەدا و نەبوونی ئەکتەرێکی ئیقلیمی، وەك جەمال عەبدولناسر لە ساڵانی پەنجاکاندا لە میسر، کە توانای هێنانەدی ئەم گۆڕانکارییەی هەبێت. هەرچۆنێك بێت، رەنگە، ئەم تێڕوانینە بەس نەبێت. زۆرێك لەو هێزانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، بەهێزن، و زۆربەیان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەو ئەکتەرانەی کە تێوەگلاون.

لە ناوەڕاستی دەیەی رابردوودا شەڕی ناوخۆی عێراق بڵێسەدارترین ئاگری هەبوو، کە هێشتا خامۆش نەبووە و نەکوژاوەتەوە. لە راستیدا، شەڕی سوریا بەنزینی کرد بەسەر ئەو ئاگرەدا، کە لە ساڵی ٢٠١٣دا بە هەزاران کەس لە ئەنجامی توندوتیژی تایەفەگەریەوە مردن. کە هێشتا دابەش بوون لەو وڵاتەدا وەك ئەگەرێك ماوەتەوە. سەرۆك وەزیران نوری مالیکی، سیستمێکی خۆسەپێنی بنیات ناوە کە پایەکانی بە زۆری لە نێو زۆرینەی عەرەبی شیعەدا چەقاندووە و بە توندی دانیشتوانی عەرەبی سوننەی کردۆتە دوژمنی خۆی کە وا هەست دەکات دوای چەند سەدەیەك لە باڵادەستیی ئێستا پەراوێز خراون. کەمینەی سوننە لە بەشی باکوری رۆژئاوادا چڕبوونەتەوە و لە دەوڵەتی ئێستای عێراق دوورخراونەتەوە و حکومەتی بەغداش دەسەڵاتێکی سنووورداری هەیە بەسەر ئەم بەشەی وڵاتەکەدا. ئەم ناوچەیە بۆتە ئەڵقەی گرێدانی نێوان شەڕی ناوخۆیی سوریا و ناکۆکیی بەردەوامی عێراق.

دەوڵەتە دراوسێکەی باکوری سوریا دەوڵەتێکی بەهێزە کە بەرژەوەندیی ئاڵۆزی هەیە لە کاروبارەکانی سوریادا. حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران، رەجەب تەییب ئەردۆغان، شانازی دەکرد بەوەی توانیویەتی دوای چەندین دەیە لە بارگرژی ئاشتەوایی لەگەڵ رژێمی سوریادا بهێنێتەدی، بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی نارەزایەتییەکان لە سوریادا، بە ئاشکرا ئەردۆغان نائومێد بوو لەوەی ئەسەد گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانی نەگرت و بە روونی هاوسۆزیی خۆی دەربڕی بۆ موعارەزەی ئیسلامی دژ بە رژێمەکە. لە ماوەیەکی کەمدا، تورکیا خۆی لە دۆخێکدا بینیەوە کە پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆری پەنابەرەکانی سوریا دەکات، لەگەڵ بوونی بارەگای سیاسیی موعارەزەی سوری لەسەر خاکەکەی. هەندێ کەل وپەلی سەربازی لەلایەن تورکیاوە دابین کرا و رکابەرەکانی دیکەی رژێمەکە سنووری سوریا و تورکیاشیان بڕی، بەڵام بە چەشنی لایەنەکانی دیکە تورکیا زۆر بە حەزەر بوو لە پێدانی جۆری ئەو چەکانەی بە یاخیبووانی دەداو ترسی لەوە هەبوو کە دژەتانك و دژە فڕۆکەی پێشکەوتوو بکەوێتە دەستی رادیکاڵەکان



## دڵشاد شەهاب

**ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەشداری هەموو لایەنەکان لە حکومەتدا بنەمای یەک گوتاری و یەکڕیزیی هەموانە بۆ پرسە چارەنووسسازەکان

**سەرەنجام دوای نەفەسێکی درێژ، لایەنە سیاسییەکان گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم وەك حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی و ئێستا پەرلەمانی کوردستان ئامادەباشە ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کاندیدی خۆی بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت یەکلایی بکاتەوە لە چوارچێوەی یاسا کۆنەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم، کاندیدی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی پێکەوە ناوبنێت، ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیش دوا بکەوێت، ئەوا دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسا هەموارکراوەکە ئیمزا دەکات، پەرلەمان لە چوارچێوەی یاسا تازەکە تەنیا نێچیرڤان بارزانی وەك کاندیدی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت بۆ ئەوەی لەماوەی ٣٠ رۆژدا کابینەی خۆی پێکبهێنێت، هەر لەم ساتەوەختەدا چاوەڕێی راگەیاندنی ئاکامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقین و وردە وردە لە وتووێژەکانی نێوان پێکهاتە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەست پێدەکات و لە ئێستاشەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، بۆ ئەوەی کورد بە گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووەوە قسە لەگەڵ بەغدا بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز دڵشاد شەهاب ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ئەنجامدا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەموو کوردستانییەکان چاوەڕێی ئەوەن، پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی کاندیدی سەرۆکی کابینەی هەشتەم دیاری بکات، دیارە ئەم مەسەلەیە بەهۆی دواکەوتنی یەکێتیی نیشتمانییەوە بۆ دیاریکردنی کاندیدی جێگری سەرۆکی حکومەت دوا کەوت، ئێستا یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار کراوەتەوە، ئایا تا چەند ئەم هەموارکردنە پرۆسەکە خێرا دەکات؟**

- ئەگەر لە لایەنە یاساییەکەیەوە دەست پێبکەم، دیارە یاسا کۆنەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم بەشێکی رەنگدانەوەی واقیعی کۆنی سەردەمی پەنجا بە پەنجای نێوان پارتی و یەکێتییە، ئەو ڕێککەوتنە راستە کۆمەڵێك دەسکەوتی باشی هەبووە، بەڵام کۆمەڵێك لێکەوتەشی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، بۆیە ئاساییە بۆ ماوەیەك ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بکرێت، بەڵام مانەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەناو یاساکاندا، ئەمە لە خۆیدا شتێکی لاسەنگە و رەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر ئاییندەی هەرێمیشەوە دەبێت، بۆیە بەپێی ئەم هەموارکردنە ناونانی سەرۆکی حکومەت بە تەنیا دەبێت، هەروەها ماوەی نێوان ناونانی لەلایەن پەرلەمانەوە و راسپاردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە نابێت کراوەبێت و بە ٣٠ رۆژ دیاری کراوە، بۆیە ئەگەر هەموارکردنی ئەم یاسایە وا سەیر بکرێت گوشارێکە بۆ سەر یەکێتی، نەخێر ئەمە گوشارە بۆسەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بۆ ئاییندە، دەرفەتی دواخستنی حکومەت بۆ هیچ لایەك کراوە نەبێت، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەمان لەگەڵ هیچ کام لەو دوو یاسایە نییە، کە پشتگیریشمان لە هەموارکردنی ئەم یاسایە کردووە تەنیا لەبەر دوو مەبەست بووە، یەکەمیان بۆ ئەوەی لێکەوتەی پەنجا بە پەنجا نەمێنێ، دووەم ناکرێت ئەگەر لەمە زیاتر ناونانی جێگری سەرۆك وەزیران دوابکەوێت ئەم مەسەلەیە، هەروەها بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە. ئەمەش گوشار نییە لەسەر یەکێتی، بۆیە لە ئێستادا هەتا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزا لەسەر یاسا تازەکە دەکات، ئەوا پەرلەمان و کوتلەکانی پەرلەمان کار لەسەر یاسا کۆنەکە دەکەن، واتە سەرۆك و جێگری سەرۆك وەزیران پێکەوە ناودەنێت، بۆیە ئەگەر یەکێتی لەو ماوەیەدا کاندیدی خۆی دیاری بکات، ئەوا پێکەوە ناودەنرێن، بەڵام ئەگەر یاساکە ئیمزا کرا، ئەوا بەتەنیا سەرۆکی راسپێردراو بۆ حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە ناوزەد دەکرێت و رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام دیسان ئەمەش ڕێگە لە یەکێتی ناگرێت، بە پێچەوانەوە ماوەیەکی زیاتریان لەبەردەم دەبێت بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو ٣٠ رۆژەی سەرۆکی حکومەت کابینە پێکدەهێنێت، کاندیدی خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

**لە تێڕوانینی سەرۆک بارزانییەوە پرسەکان بەو جۆرە سەیر دەکرێت هەر درزێک بکەوێتە نێو یەکڕیزی لایەنە کوردستانییەکان، کاریگەرییەکی گەورەی نەرێنی لەسەر پرسە نیشتمانییەکەمان دەبێت**

**ئەگەر هەموارکردنی ئەم یاسایەی سەرۆکایەتی هەرێم وا سەیر بکرێت گوشارێکە بۆ سەر یەکێتی، نەخێر ئەمە گوشارە بۆسەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بۆ ئاییندە دەرفەتی دواخستنی حکومەت بۆ هیچ لایەک کراوە نەبێت**

ئەوکات وەزیرەکان و جێگری سەرۆک وەزیران بەیەك لیست پێشکەشی پەرلەمان دەکرێن بۆ ئەوەی متمانەیان پێ بدرێت.

*** بەڕێزت وەك ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، بەشداری هەموو کۆبوونەوەکان بوویت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئاشکرایە وتووێژەکانتان لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە چوارچێوەی ئیستیحقاقی ئینتخابی بووە، بەڵام لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی لەسەر ئیستحقاقی ئینتخابی و ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانتان بووە، ئایا تا چەند لەسەر ئەم پرسە پارتی نەرمی نواندووە بۆ ئەوەی حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی پێکبهێنرێت؟**

- پێش ئەوەی شاندی دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دابمەزرێت، پارتی سیاسەتی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاری لەسەر داوە، بەوەی دەرگا لەبەردەم هێز و لایەنەکان واڵایە بۆ ئەوەی بەشداری لە کابینەی هەشتەم بکەن، ئەم بڕیارەش لە ڕوانگەی ئەو قۆناخە هەستیارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت بڕیاردراوە، دوای ئەمە دەست بە کۆبوونەوە کراوە لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بۆ ئەوەی یەکڕیزیی ماڵی کوردستان بپارێزین، لەم چوارچێوەیەدا هەر لەسەرەتاوە ئەفزەلییەتێك دراوە بە یەکێتی لەبەر ئەوەی ئێمە ڕێککەوتنێك لە نێوانماندا هەبووە، و ماوەیەکی درێژ پێکەوە حکومڕانیمان کردووە، بۆیە یەکەمین لایەن کە پارتی کۆبوونەوەی لەگەڵ کرد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام بەداخەوە هەندێك قسە لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەرویجی بۆکرا، بەوەی پارتی ویستوویەتی حکومەتی زۆرینە لەگەڵ یەکێتی بەتەنیا پێکبهێنێت، وەك ئەوەی پارتی کەسی بەدەست نەکەوێت حکومەتی لەگەڵ پێکبهێنێت، ئەمە وانەبووە، وەك وتم ئێمە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیارماندابوو حکومەتی بنکە فراوانی نیشتمانی پێکبهێنین، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە زۆر لە قسەکانی ناو کۆبوونەوەکە لەپێناوی گەیشتن بە ڕێککەوتن دەکران، کرانە کەرەستەی ڕاگەیاندن دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆ ئەگەر ئێمە بمانویستایە قسەکانی سەرمێزی وتووێژ بکەینە کەرەستەی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەوا زۆر زۆرمان لابوو، بەڵام ئەخلاقییەتی پارتی ڕێگەی ئەوەی پێنەدایین، چونکە لای پارتی قسەکانی ناو کۆبوونەوەکان بۆ گەیشتنە بە ئەنجامێك، ئێمە قسە لەسەر دەرەنجامەکان دەکەین نەك وردەکاری ناو کۆبوونەوە، بۆیە ئەم چاوەڕوانییەی ئێستای پارتی کە چاوەڕوانی یەکێتی دەکات هەتا کاندیدی خۆی یەکلایی بکاتەوە، کە هەموو لایەك دەزانێت ئەمڕۆ یەك مانگ تێدەپەڕێت بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە، هەروەها ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئەو لایەنانە ئیمزامان کردووە بەشی ئەوە زۆر زیاترە کە حکومەتی زۆرینەی پێ پێکبهێنین، بەڵام دوای مانگێکیش ئێستاش چاوەڕێی یەکێتی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە بڕوامان وابووە کە دەبێت حکومەتێکی بنکە فراوان بەبەشداری هەموو لایەنەکان پێکبهێنین، تەنانەت ئەو هەڵوێستەی چەند ڕۆژی ڕابردووی پەرلەمان، گوشارێك بووە لەسەر پارتیش بەوەی بۆ نایەن کاندیدی خۆتان بۆ سەرۆکی حکومەت پێشکەش بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر کاندید بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت نەبوو، خۆ پرۆسەی سیاسی لەناو پەرلەمان پەکناخرێت، ئەمە وەڵامێکە بۆ هەمووان بەوەی پارتی بەو گیانە وتووێژی بۆ پێکهێنانی حکومەت کردووە بۆ ئەوەی دەرفەتێکی کراوە لەبەردەم هەموو لایەنەکان هەبێت و هەموویان بەشدار بن، لەلایەکی دیکەوە پارتی نەرمییەکی زۆری بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە بەرامبەر لایەنەکان پیشانداوە و ئەوەی بەپێی ئەم ڕێککەوتنە لەسەری ڕێککەوتووین بۆ هەموو لایەنەکان لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن زیاترە، بۆیە ئەگەر بەپێی کورسییەکانی هەڵبژاردن سەیر بکەین، هەست دەکەین ئیستحقاقی هەڵبژاردن تەنیا پێوەر نەبووە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ڕێز لە ئاکامی دەنگدان نەگیراوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وابێت پرسیارێك دێتە ئاراوە بۆچی هەڵبژاردن لەم وڵاتە بکرێت؟، بۆیە لەگەڵ برادەرانی یەکێتیش دەقاو دەق لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی نەبووە، بەڵام حسابیش بۆ ئەو ڕێککەوتنە کراوە، هەروەها حسابی پێکەوە کارکردنی ئێمە و یەکێتیش کراوە، بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە حساب بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان کراوە بەوەی وادەخوازێت، هەموو لایەنەکان لەناویاندا یەکێتیی نیشتمانیش لەم حکومەتەدا بەشدار بێت.

*** تا چەند گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، هەنگاوێکی مژدەبەخشە بۆ یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد، بۆ ئەوەی کورد بە یەکدەنگی لەسەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا یەك هەڵوێست بێت، ئایا تاچەند یەك هەڵوێستیی کورد بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گرنگە؟**

- بێگومان وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم ئەوە نییە لایەنە سیاسییەکان شکستیان هێنابێت بۆ ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەبووە ئێمە ئامانجمان بووە هەموو لایەنەکان بەشداربن و یەکڕیزیی نێو ماڵی کوردستان پارێزراو بێت، بۆیە بەرکردەیی ئامانج ئەوە بووە بە یەکڕیزی مامەڵە

لەگەڵ پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان بکەین، کە دیارە یەکێك لەو پرسە سەرەکییانە چۆنیەتی قسەکردنە لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان، ئەمەش لەلایەن پارتییەوە وەك ئامانج سەیرکراوە، بۆیە ئێمە گەشبینین سەرکەوتنمان لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بە بەشداریی هەموو لایەنەکان، دەبێتە هەنگاوێکی کاریگەری ئەرێنی، بۆ ئەوەی دەرفەتی هاوهەڵوێستی و یەکڕیزی لەنێو لایەنەکان زیاتر بێت و بۆ ئەوەی پێکەوە ڕووبەڕووی هەموو پرسەکان ببینەوە.

*** بەڕێز سەرۆك بارزانی دەستی کردووە بە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی زەمینەیەك خۆشبکرێت، لیژنەیەك پێکبێت بۆ پرۆژەی دانوستاندنی هەولێر لەگەڵ بەغدا، ئایا وردەکاریی دروستکردنی ئەم لیژنەیە چۆنە؟**

- کۆبوونەوەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کە تا ئێستا کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان و سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانی کراوە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا لەگەڵ ئەمیر و ئەمیندار و سکرتێری لایەنەکانی دیکەش دەکرێت، هەموو ئەم هەنگاوانە بۆ ئەوەن کە لەم قۆناخە یەکهەڵوێستیی نێوان لایەنە سیاسییەکان زەرورەتە و جەماوەری کوردستانیش لە بایەخی ئەم زەرورەتە تێدەگات و داوای دەکات، سەبارەت بە زەمینە ڕەخساندنیش بۆ ئەوەی لیژنەیەك پێکبهێنرێت لە هەموو لایەنە سیاسییەکان، من پێموایە هەتا ئێستا لەوانەیە هێڵە گشتییەکانی ئەم پرسە تەواو ڕوون نەبن، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە هەموومان یەك هەڵوێست و یەکڕیز بین، هەموو پێکەوە یەك گوتاری سیاسیمان بەرامبەر بەغدا هەبێت و بەیەك ئاراستە مامەڵە بکەین، بۆیە لە تێڕوانینی سەرۆك بارزانییەوە پرسەکە بەو جۆرە سەیر دەکرێت هەر درزێك بکەوێتە نێو یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان، کاریگەرییەکی گەورەی نەرێنی لەسەر پرسە نیشتمانییەکەمان دەبێت، بۆیە ئامانجە گەورە و سەرەکییەکە ئەوەیە، هەموومان یەکڕیز و یەك هەڵوێست بین بۆ پاراستن و داکۆکیی کردن لەسەر مافە ڕەواو دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان. لەگەڵ دەستەبەرکردنی گەرەنتییەکی گەورە بۆ بەشداریی ڕاستەقینەی لایەنی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. هەروەها گەرەنتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە و مافە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

*** دیارە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیشەوە، لە هەوڵی ئەوەدان کە لەگەڵ کورد هاوپەیمانی بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بۆ ئەم مەبەستە مالیکی نامەیەکی ناردووە بۆ سەرۆك بارزانی، ئایا بەرای بەڕێزت چۆن وەڵامی ئەم نامەیە دەدەنەوە؟ ئایا مالیکی کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کورد هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات؟**

- پێش هەموو شت کێشەی ئێمە وەك کێشەی کورد لە عێراقدا شەخسی نییەو پێوەندی بەهیچ شەخسێکەوە نییە، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم بەداخەوە ئێمە وەك خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی تاڵمان لەو ڕێککەوتننانە هەیە کە لەگەڵ بەغدا لەچەند ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو کردوومانن، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خاڵەکانی نێو ئەو ڕێککەوتنانە جێبەجێ نەکراون، بۆیە ئێمە لە ئێستادا دەبێت بۆ ڕێگەیەك بگەڕێین کە گەرەنتی یاسایی زۆرترو دڵنیاییەکی زیاتری پرۆتۆکۆلی هەبێت بۆ ئەوەی مافەکانمان لەبەغدا پارێزراو بن، لەمەش زیاتر ئەم پرسە بۆ هەموو لایەنە کوردستانییەکان وەك یەکە، بۆیە پارتی بەتەنیا بڕیار لەسەر ئەم پرسە نادات و هەوڵدەدرێت هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە کۆدەنگیەك لەسەر ئەم هەڵوێستە بدرێت ئەوجا بەرامبەر مالیکی بێت یان هەر لایەنێکی دیکە، بەڵام بۆچوونی من بەو جۆرەیە، کە داواکاریی ئێمە ئەوە نییە بەس مالیکی نەبێتەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەمەش وەك ئەوەی تەنیا ئامانجی ئێمە ئەوە بێت مالیکی نەبێتەوە بەسەرۆك وەزیران، نەخێر ئامانجی ئێمە مافەکانی گەلی کوردستان و گەرەنتی ئەو مافانە و شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە عێراقدا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مافەکانی ئێمە نەکەونە بەر هەڕەشە وەك ئێستا کەوتوونەتە بەر هەڕەشە.

*** بەڕێزتان ئاگادارن ئەوە ماوەی زیاتر لە ٥ مانگە حکومەتی بەغدا مووچەی فەرمانبەران و بودجەی کوردستانی بڕیوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك پیادەکردنی مافە دەستوورییەکانی خۆی بڕیاریداوە نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات، ئایا لە کاتێکدا حکومەتی عێراق دژی ئەم مافە دەستوورییەی کوردستان بێت، چۆن لەم بارودۆخەدا کورد وتووێژ لەگەڵ بەغدا دەکات؟**

- ئەگەر گەرەنتی مافەکانمان لەلایەن ئەو کەسانەی لەبەغدا حکومڕانی دەکەن بکرایە، ئێمە ئێستا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بەغدادا نەدەبوو، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوویەکی نزیك، ئێمە خۆمان بڕیارمانداوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی و فرەیی و ئارەزوومەنددا لە چوارچێوەی عێراق پێکەوە بژین، بۆ ئەمەش جەنابی سەرۆك بارزانی و جەنابی مام جەلال ماندوبوونێکی زۆریان بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێیەوە کێشاوە، بەڵام بەداخەوە عێراقی تازە تەنیا بە

**پارتی نەرمییەکی زۆری بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە بەرامبەر لایەنەکان پیشانداوە و ئەوەی بەپێی ئەم ڕێککەوتنە لەسەری ڕێککەوتووین بۆ هەموو لایەنەکان لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن زیاترە**

**گەشبینین بە سەرکەوتنمان لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بە بەشداری هەموو لایەنەکان و دەبێتە هەنگاوێکی کاریگەری ئەرێنی، بۆ ئەوەی دەرفەتی هاوهەڵوێستی و یەکڕیزی لەنێو لایەنەکان زیاتر بێت و بۆ ئەوەی پێکەوە ڕووبەڕووی هەموو پرسەکان ببینەوە**



**ئامانجە گەورەو سەرەکیەکە ئەوەیە، هەموومان یەکڕیز و یەک هەڵوێست بین بۆ پاراستن و داکۆکی کردن لەسەر مافە رەواو دەستووریەکانی خەڵکی کوردستان**

کورد بونیـــاد نانرێتەوە، بۆیە ئەوە ئەوانن هۆکاری ئەوەن کە کورد بیر لە چارەســەری دیکە بکاتەوە، ئێستاش کە باس لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان دەکەین، مەسەلەکە ئەوە نییە ئەو داهاتە بەتەنیا بۆ هەرێمی کوردستان بێت، بەڵکــو ئەمە لە پێناوی ئەوەیــە گەرەنتیەك هەبێت ئەو ئیستحقاقەی لەدەستووردا بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، هیــچ کەس مافی ئەوەی نەبێت هەڕەشــەی لێبکات و بــە کەیفی خۆی یاریی پێبکات. بۆیە ئەگەر رێگەیەك هەبێت بۆ زامنی ئەم مافانە، ئەوا ئێمە کێشــەمان نییە، بەڵام ئەگەر ئەم رێگە چارەیە گەیشــتە بن بەست، ئەوا کورد ناچارە بیر لە رێگەچارەی دیکە بکاتەوە. بەتایبەتی کە کار گەیشتە ئەوەی بەغدا بودجە و مووچەی هەرێمی کوردســتان ببڕێت، ئەوا ئەمە وایکرد متمانەی خەڵکی کوردستان بە حکومەتی بەغدا تەواو لاواز بێت.

*** هەندێــك دەڵێن لەگــەڵ دەســپێکی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەم کێشــەیەش چارەسەر دەبێت، ئایا تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- پێش هەموو شــت مالیکی کە پێدەچیت بە رێنمایی خەڵکــی دیکەش ئەم کارتەی بەکار هێناوە، ئامانج لێی ئەوە بووە کە فشــار بخاتە ســەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵکی بێزار بێت و شکست بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردســتان بهێنێت، بەڵام خەڵکی کوردستان بەگشــتی و فەرمانبەرانــی کوردســتان ئەمجــارەش سەلماندیانەوە پشتگیری لە نیشتمان و حکومەتی خۆیان دەکەن، بۆیە ئەم کارتەی مالیکی بەرامبەر بە کوردستان بەکاریهێنا، فەشەلی هێنا. لایەنێکی دیکە بۆ پەنابردن بۆ ئەم کارتە مەســەلەی هەڵبژاردن بوو، ئەوە هەڵبژاردنیش کۆتایــی هات، بۆیە منیش پێموایە چارەســەر دەبێت و هەنگاوەکانی دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن جیاواز دەبن لەگەڵ پێش ئێستادا.

*** ئاشــکرایە وەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چەندین جار ئاماژەی پێکردووە کورد ناگەڕێتەوە بۆ دواوە و هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە چ لە بواری وەبەرهێنانــی کەرتی هایدرۆکاربۆن، هەروەها چ لە بواری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گێڕانەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان جێگەی سازش نابن، ئایا ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەتانتوانی لەســەر ئەم پرســە گەوهەریانە بگەنە چارەســەر، تاچەند ئومێدی ئەوەیە سەرۆك بارزانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات و ئیدی کوردستان بەشێك نەبێت لە عێراق؟**

- لە هەموو بۆنەکاندا جەنابی ســەرۆك بارزانی ئەوەی نەشــاردۆتەوە کە مافی کورد بۆ بڕیاردانی چارەنووس مافی خۆیەتی، بۆیە من دەمەوێت راشــکاوانە بدوێم؛ مافــی چارەنووس پێوەندی نییە بــە بوون یان نەبوونی مووچــەوە، هەروەها پێوەندی نییە بە فرۆشــتنی نەوت و پێوەندییەکانــی نێــوان هەرێم و بەغــدا، بەڵکو ئەمە

**ئامانجی ئێمە مافەکانی گەلی کوردستان و گەرەنتی ئەو مافانە و شەراکەتی راستەقینەیە لە عێراقدا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مافەکانی ئێمە نەکەونە بەر هەڕەشە وەک ئێستا کەوتوونەتە بەر هەڕەشە**



مافی نەتەوەیەکە و سەدان ساڵە خەباتی بۆ دەکات، ئەمە مانای ئەوە نییە مالیکی یان غەیری مالیکی یان حکومەتی بەغدا، ئەگەر مووچە بدەن بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئیدی کوردستانییەکان بیر لەهەبوونی کیانێکی سەربەخۆ ناکانەوە، یان ئەگەر کێشەی فرۆشتنی نەوتمان لەگەڵ بەغدا نەبێت، ئیتر ئێمە بیر لە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان ناکەینەوە، نەخێر مافی چارەنووس کوردستانێکی سەربەخۆ ئەمە مافێکی نەتەوەیی ئێمەیە، ئەوجا کەی ئەو بارودۆخە گونجاو دەبێت لەرووی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە، چونکە دەبێت ئێمە بەو جۆرە هەنگاو هەڵبگرین نە کێشە بۆ میللەتی خۆمان و نە بۆ ناوچەکەش دروست بکەین، بۆیە ئەوەی جەنابی سەرۆك و زۆربەی لایەنەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە ئەم مافە بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە دەستەبەر بکرێت. ڕاشکاوانە دەڵێم پرسی بڕیاردانی مافی چارەنووس ئەوە نییە لەدوای مەسەلەی بڕینی بودجە، یان کێشەی نەوت، یان کێشەی پۆستی سەرۆك کۆمار یان وەزیرێك هاتبێتە ئاراوە، نەخێر ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی مێژووییە و مافی نەتەوەی کوردە بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی هەبێت. بەڵام بێگومان ئەو فشارەی کە ئێستا دەیخاتە سەر کوردستان وا دەکات هەنگاوەکان بۆ بڕیاردان لە چارەنووس خێراتر بکات و زووتر بیری لێبکرێتەوە، بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق بە هەنگاوەکانی خۆیدا نەچێتەوە، ئەوا بیر لەوە دەکەینەوە هەنگاوی خێراتر هەڵبگرین.

*** ئایا تاچەند گەشبینی بە یەك هەڵوێستی و یەکڕیزی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی پێکەوە لەم قۆناخە کێشەکان چارەسەر بکەین؟ ئایا بەو ئاستە یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی مژدەبەخشە کوردستانییەکان دڵنیا بکەیت؟**

- من پێموایە لەماوەی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم دوو مەسەلە بەتەواوەتی روون بۆتەوە، یەکەمیان ئەوەی جێگەی ڕێز و تەقدیرە، نەفەس درێژیی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆیە هەموو لایەنە سیاسییەکان شانازی بەو میللەتەی خۆمان دەکەین بەوەی پابەندن بە بڕیاری لایەنە سیاسییەکان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، دووەم: هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەو ئومێدە دەبەخشێت، سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان هەبووە، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەین، دەبینین هەڵچوونێکی زۆر لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هەبوو، بەڵام کاتێك دەستمان بە وتووێژەکان کرد، تەنیا یەك مانگ بەسەر ئەوە تێپەڕیبوو، کەچی کەشوهەوای کۆبوونەوەکان زۆر جیاواز بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وێڕای جیاوازییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەڵام لایەنەکان ئەو توانایەیان هەیە کە ئومێدبەخشە بەوەی ناکۆکییە سیاسییە حزبییەکان بەلاوە بنێن لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و راوەستان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێگەیشتوویەکی سیاسی لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە، کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن بتوانن هەڵبچن و لەکاتی دانوستاندن هێمن بن، خاڵێکی دیکە کە مافی خۆمانە وەك پارتی ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە باڵادەستی پارتی دڵنیایەکی گەورەی بە خەڵکی کوردستان داوە، بۆیە ئەو نەفەس درێژییەی پارتی وەك هێزی یەکەم لەم پرۆسەیە نواندی زۆر لە هەموو لایەنەکان زیاتر بووە، ئەمەش ئەگەر خوێندنەوەیەکی ویژدانی بۆ بکرێت، مانای ئەوەیە کاتێك پارتی باڵادەست بێت لە پرۆسەی سیاسیدا جۆرە دڵنیاییەك و ئەمانەتێك لە پرۆسەکەدا بوونی دەبێت. ئێستاش کە ئاکامی فەرمی هەڵبژاردنەکان ڕانەگەیەنراوە، لە ئاکامە سەرەتاییەکان وا دەرکەوتووە کە پارتی لەناو هێزە کوردستانییەکان بە جیاوازییەکی بەرچاوی ژمارەی کورسی لەریزی یەکەمە، ئەمەش دیسان جۆرە دڵنیاییەك بە یەکهەڵوێستی بۆ خەڵکی کوردستان دروست دەکات.

**کورد ناچارە بیر لە ڕێگەچارەی دیکە بکاتەوە، بەتایبەتی کە کار گەیشتە ئەوەی بەغدا بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، ئەوا ئەمە وایکرد متمانەی خەڵکی کوردستان بە حکومەتی بەغدا تەواو لاواز بێت**

**باڵادەستی پارتی دڵنیایەکی گەورەی بە خەڵکی کوردستان داوە، بۆیە ئەو نەفەس درێژییەی پارتی وەک هێزی یەکەم لەم پرۆسەیە نواندی زۆر لە هەموو لایەنەکان زیاتر بووە، ئەمەش ئەگەر خوێندنەوەیەکی ویژدانی بۆ بکرێت، مانای ئەوەیە کاتێک پارتی باڵادەست بێت لە پرۆسەی سیاسیدا جۆرە دڵنیاییەک و ئەمانەتێک لە پرۆسەکەدا بوونی دەبێت**

### کێشەی نێوان عێراق و کوردستان

# لە بڕیاردانی مافی چارەنووس پاشەکشە ناکەین



سەرۆ قادر



لە باسی سەربەخۆیی کوردستاندا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەد ساڵەی تێکۆشانی میللەتی کورد. واقیعەکە وا دەخوازێت، بە چاوێکی واقیع بینانەوە، تەماشای مێژووی خۆمان بکەین. دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە، تەماشای ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بکەین. ڕاستیمان بوێ، لە ساڵی ١٩١٨ـەوە تا دەگاتە ٢٠١٤، بە هیچ شێوەیەک، هیچ سەرکردە و حزبێکی کوردستان داوای سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین، بە مانای ڕێگا بەرەو سەربەخۆیی نەکردووە.

وەک دیارە، ئەمساڵ سەرۆکی کوردستان- بەڕێز مسعود بارزانی، سەرەتاکانی ئەم بیرۆکەیەی باس کردووە.



**پێویستە سەرۆکی کوردستان هەموو حیکمەتی خۆی بەکاربێنێ تا هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵات و یەکدەنگی و تێکۆشان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی بەشداربن. بەشداریکردنی هەمووان زامنی یەکڕیزی نیشتمانییە. هەر ئەوەش وایکردووە، باری سەر شانی سەرۆک بارزانی، ئێستا لە هەموو قۆناخەکانی پێشوو قورستر بێت**

ماوەی پێنج مانگە، حکومەتی عێراق، قووڵترین کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ئەویش بڕینی بودجەیە. لە ٢٣ساڵی ڕابردوودا، ئەو شێوازە بە قورسترین چەکی بەکارهێندراو، لە بەرانبەر کوردستاندا، ئەژمار دەکرێ.

بەر لەوەی باسی کاریگەری و دەرەنجامەکانی، مانای بڕینی بودجە، لە پێوەندی لەگەڵ عێراق بکەم، ئاماژەیەک بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەکەم کە گەیشتوونەتە بنبەست.

حکومەتی عێراق لەبەر هەبوونی کێشەی ناوخۆیی بەشی عەرەبی، لەو ١٠ ساڵی ڕابردوودا، تەحەمولی فیدرالیەت و دیموکراسی و هەبوونی هەرێمێکی دیکە، کە حکومەتێکی پێشکەوتووتر و چالاکترە لەو حکومەتەی لە مەرکەز هەیە، کردووە. ئێستا حکومەتی عێراق لەناوخۆدا لە شەڕدایە، بەڵام بەر لەوەی شەڕی ناوخۆیی یەکلایی بکاتەوە، دەیەوێت کۆتایی بە هەرێمی کوردستان بێنێت. ئەوەی حکومەتی عێراق دەیکات، سیاسەتی کۆتایی پێهێنانە. نابێ گومانمان هەبێت ئەگەر عێراق چەکی قورسی هەبایە، بێ سڵەمینەوە، پەلاماری هەرێمی کوردستانیشی دەدا، وەك ئەو تاوانەی بەرامبەر سوننەکان دەیکات.

کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، سەرەتاکەی لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێکردووە. دوای ئەوەی یاسای کاتیی عێراق بۆ دەستووری هەمیشەیی گۆڕا. لە یاسای کاتی و لە دەستووردا، ناوچەی ناکۆکی لەسەر، کە ئێمەی کورد پێی دەڵێین ناوچە کوردستانیە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێم، دانی پێدا هێندراوە. لەوێوە هەنگاوی یەکەمی کێشە دەستی پێکرد. حکومەتی عێراق چ لە زەمانی عەللاوی، بە خەستی لە زەمانی مالیکیدا، بە بەرنامە دەڕێژراوی، دەیانویست زەمانی قانوونیانەی ماددەی ١٤٠ درێژ و درێژتر بکەنەوە، سەرەنجام بیخنکێنن و لە کاتی گونجاودا خۆیان پەلاماری بدەن. ئێستا مالیکی ئەو کارە دەکات.

کێشەی دووەمی حکومەتی عێراق، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەلاوەنان و گوێپێنەدان بە هەرێمی کوردستان بوو، لە بەشداری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی بەغدا. هەر لە سەرەتاوە، حکومەتی عێراق، کاربەدەستە قانوونییە پلە یەکەکانی عێراق کە کورد بوون، هەر لە سەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە جێگرەکانی سەرۆك و پلە بەرزەکانی ناو سوپای عێراقی، بەلاوەی نان. تا ئێستا نەبیندراوە، سەرۆکی کۆمار یان جێگری سەرۆکی کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، جەنراڵە کوردەکانی ناو سوپای عێراق، توانیبێتیان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ بکەن، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە بتوانن بەشێك لەو پارسەنگە ڕاست بکەنەوە کە شۆڤێنزمی مالیکی لەنگ و ژێر پێی خستووە.

کوردستان بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ، شانازی بە عێراقی ١٠ ساڵی ڕابردوو بکات، گوایە لە بەڕێوەبردنیدا بەشدار بووە(کێشەی سێیەم). شێوەی کاری مام جەلال وەك سەرۆك کۆمار، زیاتر بۆ شەخسی ئەو دەگەڕایەوە. دامودەزگای سەرۆکایەتی کۆمار، هەمیشە دابڕاو و دوورەپەرێز خرابوون. مالیکی زۆر بە توندی بەرەنگاری دەبووەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ هیچ بکات. ئەگەر جموجۆڵێکی سەرۆك کۆمار هەبووە، ئەوا دەگەڕایەوە بۆ شەخسیەتی بەهێزی مام جەلال.

لەناو سوپاشدا، حکومەتی عێراق هیچ پێگەیەکی بۆ کورد نەهێشتەوە(کێشەی چوارەم). بە بەرچاوی جەنەڕاڵ و فەرماندە عەسکەریەکانی کورد لە ناو سوپای عێراقدا، بە نیازی جەنگ، سوپا بەرەو کوردستان هاندەدرا و ئێستاش بۆ شەڕ ئامادە دەکرێ. کێشەی ئەم دواییە(پێنجەم)، لەسەر سامانەکانی عێراقە بە کوردستانەوە. حکومەتی عێراق، کوردی لە سامانی زۆرو زەوەندی عێراق ئاگادار و بەشداری نەکردووە. هیچ دەزگا یان کەسایەتییەکی کورد لە عێراقدا، نازانێ سامانی عێراق چەندە و چۆن دابەش دەکرێ.

نووری مالیکی، وەك ناسراوە بە، سەرکردە بەهێزە شۆڤێنییە-تایفییەکەی عێراق، لە بەرەنگاربوونەوەی هەرێمی کوردستان، بودجەی کوردستانی کردە بیانویەکی فریودەرانە، هەروەها لافیتەیەکی دیماگۆگیانە، بۆ ئەوەی ڕای گشتی عەرەب، لە دژی کورد هان بدات. گوایە کورد سەدا حەڤدەی بودجەی عێراق دەبەن و لە بەرانبەردا هیچ بەشدارییەك لە سامانی گشتیدا ناکەن. ڕاستی و درۆی ئەم بانگەشەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بە دیقەت شی نەکراوەتەوە تا دەرکەوێ؛ چۆن سەرۆك وەزیران، سامانی عێراقی کۆنترۆڵ کردووە، تەخشان و پەخشان و گەندەڵی و دەست بەسەرداگرتنی، هیچ چاودێرییەکی لەسەر نییە. ئەوە بەڕێوەبەرایەتی مالیکییە، عێراقی بردۆتە ڕیزی وڵاتەکانی هەرە گەندەڵ و فاشیل. لەم حاڵەیدا، بودجەی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی دیماگۆگیانە، کراوەتە کێشەیەکی سەرەکی بۆ عێراق.

ئەمانە پێنج کێشەی سەرەکین، حکومەتی عێراق، بۆ دروستکردنی تەنگوچەڵەمە بۆ هەرێمی کوردستان، بەکاریان دێنێت. ئامانجی حکومەتی عێراق زۆر بە ڕوونی دەخوێندرێتەوە؛ نابێ هەرێمی کوردستان هەبێت، نابێ میللەتی کورد بەرەو پێشەوە بچێت، نابێ چیتر ئەو ئازادیەی هەبێت کە ماوەی ٢٣ ساڵە لێی بەرخوردارە. حکومەتی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی نەهێشتنی

**ئامانجی حکومەتی عێراق زۆر بە ڕوونی دەخوێندرێتەوە؛ نابێ هەرێمی کوردستان هەبێت، نابێ میللەتی کورد بەرەو پێشەوە بچێت، نابێ چیتر ئەو ئازادیەی هەبێت کە ماوەی ٢٣ ساڵە لێی بەرخوردارە. حکومەتی عێراق گەڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی نەهێشتنی میللەتی کورد. عێراق بە هیچ شێوەیەک پێشکەوتنی کوردستانی قەبوڵ ناکات**

میللەتی کورد. عێراق بە هیچ شـێوەیەك پێشـکەوتنی کوردسـتانی قەبوڵناکات. لە دنیاشدا نەبووە، دەوڵەتێکی شۆڤێنی و دیکتاتۆر، تەحەمولی میللەتێکی تر بکات، لە چوارچێوەی قانوونی هەمان دەوڵەتدا، بە پێشـکەوتن و دیموکراسی بژیەت.

حکومەتی عێراق، بە بەرنامەڕێژی، کێشـەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان، بە پێی کات و شـوێنی گونجاو، دەسـت پێکـردووە. لە مـاددەی ١٤٠ـەوە کە جێبەجـێ نەکرا و ئاڵۆزکرا، سـەرەنجام ژێر پێ خراوە. ئێسـتا ئەگەر کورد پێداگیری، لەسـەر جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ بکات، ئەوا کاتێکی زۆر بەوەوە دەڕوات، تاکو تۆزی ئەم شـێواندنەی کەوتۆتە سـەر ماددەکە و سەر قۆناخەکانی جێبەجێکردنی، لابەرێت. واتە کێشەکە بەڕاسـتی تێکەڵ و پێکەڵ بووە. ئینجا ناردنی سـوپا بوو بۆ سـەر کوردسـتان. خۆیان تاقی کردەوە و ئەگەر توانیبایان، کوردستانیان جارێکی دیکە داگیر دەکردەوە. ئینجا پیلانی هەرێمایەتیی هەیـە. حکومەتی عێراق، لـە بچووکترین تا گەورەترین پیـلان، خۆی نادزێتەوەو ناشـی شارێتەوە. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئیحتیوا کردن و دابڕاندنی کوردسـتاندایە. حکومەتی عێراق، زۆر بە خێرایی خەریکی کڕینـی چەکە. چەکی قورس کە لە دەبابە، سـاروخ، تەیارە پێکدێت. ئەوەی بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناو شارەکانی عێراق نییە، چونکە ناوشارەکانی عێراق، بە پۆلیس، لەکاتی پێویسـتدا بە سـوپا، بەبێ چەکی قورس دابین دەکرێت. عێراق لە مەودای دووردا، ناتوانێ هیـچ چاوێکی لە وڵاتانی دەوروبەری بێت، تا سـوپای خۆی لە بەرامبەریاندا بە چەکی قورس تەیار بکات. بۆیە گومانی تێدا نییە ئەو چەکە قورسانە، تەنیا بۆ نیازی لێدانی هەرێمی کوردستانە. نابێ لەبەرچاومان ون بێـت، ئەگەر لێگەڕێین، زەمان هەروا بە بەرژەوەندی حکومەتی عێـراق تێپەڕێ، ڕۆژگارێك دێت بەو تەیارە پێشکەوتووانەی کە ئێستا لە ئەمریکا دەیکڕێ، بە دەبابە و چەکە قورسـەکانی دیکەشـی، پەلاماری شارەکانی کوردستان دەدات.

بڕینی بودجە، مانـای کۆتایی هێنانی ژیانی خەڵکە. عێـراق پێیوایـە، دەتوانێ ئابڵوقەی ئابـووری، بخاتە سـەر هەرێمی کوردسـتان و نەهێڵێ نەوت بفرۆشـێ. ئەمە سیاسەتی کوشـتن و کۆتایی پێ هێنانە. دەکرێ ئێستا پرسیارێك بکەین: ئەرێ بڕینی بودجە، لە ڕووی قانوونیـەوە بە مانای کشـانەوەی عێراقە، لە هەرێمی کوردستان؟ وەك ئەوەی سەدام لە ساڵی ١٩٩١دا کردی؟ سەدام هەموو دامودەزگاکانی خۆی کشاندەوە ناو عێراق و کوردسـتانی بەجێ هێشت. ئێستا ئەو بڕینی بودجەیە تەفسـیر ناکرێ بە کشانەوەی حکومەتی عێراق، ئینجا هەوڵدان بۆ دووبارە داگیرکردنەوە و شـەڕکردن لە دژی هەرێمی کوردستان؟ ئەمەیان پێویسـتە قانوونزانەکانی کوردستان و شارەزاکانی نێودەوڵەتی داوەت بکرێن تا لێی بکۆڵنەوە. پێویسـتە ئەو مەسـەلەیە بقۆزرێتەوە و ڕای گشتی ناوخۆ و عەرەب و جیهانی لێ تێبگەیەندرێ.

بە ڕای من نابێ ڕێگە بدەین، جارێکی تر بە ئاسـانی عێراق بێتـەوە ناو هەرێمی کوردسـتان، تەنیا بە مەرج نەبـێ، ئەویش بە مەرجی نووسـراو. دەبێ ئەو بڕینی بودجە و کشانەوەی عێراق لە ڕووی ماڵی، بە کشانەوەی عێراق لە ڕووی قانوونیش، لە هەرێمی کوردسـتان، لێك بدرێتەوە. پێویستە ئەمە بکرێ بە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی، تاکو ڕای گشـتی دنیا، بۆ ئەو مەسەلەیە ڕابکێشرێت. بۆ ئـەوەی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، چیتر بە سـاردی، تەماشای ئەم ڕووداوە نەکەن.

دەکـرێ بابەتی بڕینـی بودجـە، بەکاربهێندرێت، بۆ کێشە سـەرەکییەکەی نێوان کوردستان و عێراق. ئەویش مەسەلەی پێدانی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینە بە گەلی کوردسـتان. ئەو حکومەتەی ئێستا، وارسی حکومەتەکانی پێش خۆیەتی کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا، ئەنفال کردن و چەکـی کیمیایی و کۆمەڵ کوژی لە دژی گەلی کوردسـتان بەکار هێناوە. ئێستا بۆ هەمان سیاسەت دەگەڕێتەوە. دەکرێ کورد هەوڵێکی جددی بدات، دنیا تێبگەیەنێ، ناوەندە ڕەسـمیەکان کە ئێسـتا دەسـتیان لە ڕاگرتن و پێکەوە چەسپاندنەوەی عێراقدا هەیە، تێبگەیەندرێن کە ئەم حکومەتە بۆ میللەتی کورد جێـگای متمانە نییە. تەنیا بە پەیماننامەیەکی، ژێر چاودێری نەتـەوە یەکگرتووەکان، جارێکی تر کورد و عێراق بکەونەوە گفتوگـۆ. پێموایە ئەو پەیماننامانە لـە ناوەڕۆکدا، دەبێ زەمانەتی پاراسـتن و بەردەوامی میللەتی کوردی تێدابـێ. زەمانەت بۆ میللەتی کورد، تەنیا پاراستنی بەشەری و زەوی نییە، بەڵکو پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانیشە. هەر هەوڵێك بۆ لێك نزیککردنەوەی هەرێم و عێراق بدرێت، پێویسـتە لەم قۆناغەوە، بە پەیمانێکی نوێ لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بێت، تا لە ماوەی زەمانی موناسیبدا، جارێکی تر، مافی گەڕانەوە بۆ ئیـرادەی کورد، دابین بکرێ. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان لە پشتەوەی بڕیـاری ئیرادەی کورد بن. ناکرێ چیدیکە، عێراق لە جیاتی ئێمە، بڕیار لەسـەر چارەنووسمان بدات، چونکە مێژوویەکی خوێناوی و زوڵمێکی گەورە، لە پشـتەوەی ئەم شـێوازەی حوکم بەڕێوەبردنی عێراقدایە بەرانبەر بە هەرێمی کوردسـتان. کورد دەبێ مافـی بڕیاردانی لە چارەنووسی خۆی هەبێ تا بتوانێ بەردەوام بێت.

لە باسی سەربەخۆیی کوردستاندا، پێویستە بگەڕێینەوە

**لە شێوازی بردنی وڵات بەرەو سەربەخۆیی، کە سەرۆک بارزانی خۆی پێشەنگە لە گەلاڵەکردنی تیۆری سەربەخۆییدا، ڕۆڵی سەرۆکی ڕزگاریخواز، وا دەخوازێ کە سەرۆکایەتی هەموو لایەنەکان بکات و لە کردەوەی سەرۆکایەتی کردنی وڵاتدا حزبایەتی بەکار نەیەت**

**بڕینی بودجە، مانای کۆتایی هێنانی ژیانی خەڵکە. عێراق پێیوایە، دەتوانێ ئابڵوقەی ئابووری، بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و نەهێڵێ نەوت بفرۆشێ. ئەمە سیاسەتی کوشتن و کۆتایی پێهێنانە**

**مافی بڕیاردانی چارەنووس، پێویستە لە پەیماننامەیەکی ئیعتراف پێکراودا، تۆمار بکرێت. کورد لە دوانزە ساڵی نێوان ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بە هیچ شێوەیەک هەوڵی نەدا بەڵگەنامەیەکی لەوجۆرە، یەک لایەنە بێت یان دوو لایەنە، لەگەڵ عێراق یان بە شێوەیەکی تر کە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، باسی لێوە بکرێت**

**بڕیاردانی چارەنووس، مافێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە میللەتانی دەدات. مافێک نییە، تەنیا میللەتان خۆیان بە خۆیانی بدەن. ئەگەر میللەتان توانیبایان، ئەو مافە، یەکلایەنە بەخۆیان بدەن، ئەوە ئێستا ژمارەی دەوڵەتانی دنیا، هێندەی ژمارەی نەتەوەکان و دینەکان و مەزهەبەکان و نەژادەکان و شوێنە جوگرافیاییە خاوەن تایبەتمەندەکان دەبوو**

بۆ مێژووی سەد ساڵەی تێکۆشانی میللەتی کورد. واقیعەکە وا دەخوازێت، بە چاوێکی واقیع بینانەوە، تەماشای مێژووی خۆمان بکەین. دەبێ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە، تەماشای ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بکەین. راستیمان بوێ، لە ساڵی ١٩١٨ـەوە تا دەگاتە ٢٠١٤، بە هیچ شێوەیەك، هیچ سەرکردە و حزبێکی کوردستان داوای سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین، بە مانای رێگا بەرەو سەربەخۆیی نەکردووە. وەک دیارە، ئەمساڵ سەرۆکی کوردستان- بەڕێز مسعود بارزانی، سەرەتاکانی ئەم بیرۆکەیەی باس کردووە.

عێراق، دروستکراوی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیە. دروستکردنی ئەم وڵاتە، بەپێی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بووە. لە مێژووی ئێمەدا، راپەڕینی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود، ئینجا لاگیری ئەو، بۆ ئیمپراتۆری لەسەر رووخانی عوسمانی، وایکرد، بەریتانیا بە چاوی گومانەوە تەماشای بوونی سیاسییانەی کورد لە ناوچەکەدا بکات. دوای ئەوە، لە ١٩٢٠ تا ١٩٣٠، لاوازی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان و نەبوونی بەرچاوڕوونی و روانگەی کامڵی سیاسی بۆ سەربەخۆیی، وایکرد هەموو ئەو پەیماننامانەی دەبەستران، نوێنەری کورد تێیدا نەبێت. سەرباری رۆڵی نەرێنیانەی کۆلۆنیستەکان، هەروەها سیاسەتی دوژمنکارانەی کەمال ئەتاتورك، بەڵام نەبوونی سەرکردایەتییەکی سیاسی بەرچاوڕوون، لە دەیەی سێیەمی سەدەی رابردوودا، وایکرد کوردستان بەو پارچە پارچەیە جێگیر بکرێ. ئینجا بێبەش بکرێ لە تەعریفی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی. مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووس لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بە مانای مافێکە دەدرێ بە دانیشتووانی چوارچێوەی دەوڵەتێك. ئەو دەوڵەتانەی لە دابەشکردنی کۆلۆنیالیستیدا، ناویان هێندراوە و تۆمار کراون. مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوە و دین و مەزهەبەکان نەبووە. ئێستاش وا لێکنادرێتەوە. بۆیە پێویستە، خۆمان بە هەڵە نەبەین، ئەو هەڵەیەی لە کۆنەوە، لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا باوە و دەڵێن؛ مافی بڕیاردانی چارەنووس کوردیش دەگرێتەوە! باشە ئەگەر کورد دەگرێتەوە، هۆی چی بووە تا ئێستا کورد لێی بەرخوردار نەبووە؟ بۆچی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەوڵی بۆ نەداوە؟ وەک دەزانین، هەموو هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی زوڵم و زۆر و وەدەست هێنانی ئیدارەیەکی ناوخۆ بووە. ئەمە تەجرەبەی سەدەی رابردووی ئێمەیە، بەراستی زۆر قورسیش لەسەر میللەتی کورد کەوتووە. لە ساڵی ١٩٢٥، کاتێك ویلایەتی موسڵ گەڕاندرایەوە سەر عێراق، نەبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرچاو روون، وایکرد کێشەی کورد تێدا ون ببێ، وا دابندرێ خواستی بەلای ژیان لەگەڵ عێراقدایە!

ساڵی ١٩٥٨ کە پاشایەتی رووخا و قۆناغێکی نوێ لە عێراقدا دەستی پێکرد، دیسان هیچ هەوڵێك بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس نەدرا. لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، زیاتر باری ئایدیۆلۆژیای باوی ئەوکات کە بریتی بووە لە دیموکراسی و سۆسیالیزم بۆ عێراق، دوای ئەوە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، زاڵ بوو. ساڵی ١٩٧٠ گفتوگۆی نێوان عێراق و کورد، بە پەیمانێك گەیشتە نەتیجەیەکی دیاریکراو. بەو پەیمانە، کورد دەستکەوتێکی قانوونی گەورەی بەدەست هێنا. عێراق لە رووی قانوونییەوە، دانی نا بە ئیدارەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان. ئەویش بەیاننامەی ١١ ئازارە. گرنگی مێژووی ئەو پەیمانە، لەوەدایە کە لە نێوان عێراق و کوردستاندا مۆرکراوە. بۆیە جۆرێك لە پێشوازی و پەسەندی نێودەوڵەتی وەرگرت.

عێراق لە ساڵی ١٩٩١، لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی، لە کوردستان کشێندرایەوە. لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ کورد جیا لە فیدراڵیزم، هیچ هەوڵێکی بۆ مافی چارەنووس نەدا. گرنگی مافی بڕیاردانی چارەنووس، هەر ئەوەندە نییە لە بەندێکی قانوونیدا یان لە گوتار و بەرنامەی حزبەکاندا هەبێت. مافی بڕیاردانی چارەنووس، پێویستە لە پەیماننامەیەکی ئیعتراف پێکراودا، تۆمار بکرێت. کورد لە دوانزە ساڵی نێوان ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بە هیچ شێوەیەك هەوڵی نەدا بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرە، یەك لایەنە بێت یان دوو لایەنە، لەگەڵ عێراق یان بە شێوەیەکی تر کە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، باسی لێوە بکرێت. ئەگەر کارێکی وا کرابا، ئەوانە هەموویان دەبوونە هەنگاو بەرەو پێشەوەچوونی سەربەخۆیی. لە ٢٠٠٣ سەرباری هەموو ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی کوردستان و سەرکردەکانی، کوردستان لە بەشداری کردن بۆ رووخاندنی عێراق و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا، هیچ بەڵگەیەکی عێراقی و نێودەوڵەتی بۆ مەسەلەی بڕیاردانی مافی چارەنووس یان دیاریکردنی مێژوویەکی دیاریکراو، بۆ گەڕانەوە بۆ ئیرادەی میللەتی کورد، بەدەست نەهێنا. ئەگەر لە پەنادا، لەگەڵ ئەمریکاییەکان باسیش کرابێ، نەبووەتە فشارێك و هەڵمەتێك لەلای میللەتی کوردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستووری هەمیشەیی عێراقی داندرا. ئەوە، نووسراوی ئەمریکیەکان و تەعدیلکراوی دەستی کورد بوو. کورد بە شانازییەوە ئەو دەستوورەی وەرگرت و دەنگی پێدا. لەوێدا، بەبێ دیققەتی، چارەنووسی خۆی یەکلا کردەوە و بڕیاریدا، لەگەڵ عێراق دەمێنێتەوە. ئەو ئیمتیازاتانەی دەستووری ٢٠٠٥ بە کوردی داوە، بریتین



■ لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداردا کورد دەستکەوتێکی قانونی گەورەی بەدەست هێنا.

لە پاراستنی هەرێمی کوردستان، لە ناوچەی جوگرافیای سەوزدا، پاراستنی ناوچە دابڕێندراوەکان لە ژێر چاودێری هاوبەشی کوردستان و عێراق. لەو دە ساڵەدا، کوردستان پێشکەوتنی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی. هەروەها توانی، سەرنجی نێودەوڵەتی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ئەو پەیامەیان بداتێ، میللەتی کورد دەیەوێ بە هێمنی بژیەت و هەوڵ بەرەو دیموکراسی دەدات. لە هەمان کاتدا، دەیەوێ بە شێوەی تایبەتی خۆی، گەشەی ئابووری بکات و هێمنانە سوود لە سامانەکانی خۆی وەربگرێت. ئەوەش دەسکەوتێکی کەم نییە، هەنگاوێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیبینن و شاهێدی بۆ دەدەن. جیا لەوە، بوژاندنەوەی ناوخۆی کوردستان، بووەتە شاهید کە ئەم میللەتە، خۆی پێ بەڕێوەدەبردرێت.

جیا لە قازانجەکان، زەرەری گەورەی ئێمە، لە ڕیفراندۆمی دەستووری ٢٠٠٥دا کردمان، ئەوەیە کە بڕیارمانداوە، ئێمە لەناو عێراقدا دەمێنینەوە! بڕیارمان داوە، لەسەر بنەمای دەستوورێك، کە دەکرێ عێراق بە جۆرێك لێکدانەوەی بۆ بکات و ئێمەش بە جۆرێکی دیکە. ئێستا ئێمە لەو کێشەیەداین. بۆ نموونە، لە کوردستان دەڵێین؛ ئەم دەستوورە بۆ دابینکردنی هاوبەشیی نێوان کورد و عەرەبە لە بەڕێوەبردنی عێراقدا. هەروەها ئێمە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەین، لە دیباچەی ئەم دەستوورەدا، زەمانەتی بەردەوامی و لێکهەڵوەشانەوەی عێراق هەیە. گوایە، ئەگەر عێراقێکی دیموکرات و فیدڕاڵی نەبێت، ئێمە مافی بڕیاردانی سەرلەنوێمان هەیە. کەچی عەرەب دەڵێن وانییە، عێراق وڵاتێکی فیدرالییە بۆ کوردان، لە هەمان کاتدا حکومەتێکی سادەیە بۆخۆمان! ئەوان، لێکدانەوەیەکی زۆر سادە بۆ ئەم فیدڕالییەتە دەکەن. ئێستا، ئێمە و عێراق، لەو کێشە قانوونییە داین. بۆ ئەو مەبەستانە، من پێموایە، دەبێ پەنا ببەینە بەر ئەو قانوونزانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی شارەزا و زانان. ئەوانەی کە مێژوو و ڕووحی قانوونی نێودەوڵەتی دەخوێننەوە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، پێویستە قبوڵ بکات کە حەزی ئەوان لەگەڵ بابەتەکە، هەندێک جار لێکدی جیاوازن. مافی بڕیاردانی چارەنووس بەو مانایە نییە ئێمە هەر لە خۆمانەوە ڕیفراندۆم بکەین. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕیفڕاندۆممان لێ قبوڵ نەکات، بیشیکەین قیمەتێکی ئەوتۆی نابێت. دەوڵەت، شەخسیەتی مەعنەوی و قانوونی نێودەوڵەتی هەیە. ئەوە لە یاساکانی نێودەوڵەتیدا تەعریف کراوە. پێویستە بکەوێتە پێوەندیەکی ئۆرگانیك لەگەڵ جیهانی زیندوو. خۆ ئەگەر ئەوەمان نەتوانی، گۆشەگیر دەبین. ئەوکات ناتوانین سوود لە سامان و وزەی ناوخۆیی وڵاتەکەمان وەربگرین، چونکە بە تەنیا دەمێنینەوە. ئەوە جیا لە مەترسی پەلاماری بەردەوام، بۆ سەرمان. بۆیە، من پێموایە نابێت بەو ئیتیجاهە پەلە لە سەربەخۆیی بکرێت. بەڵکو دەبێ هەوڵ بدەین ئەو زەمینەیەی کە لە ماوەی ٢٢ ساڵی ڕابردوودا، سەلماندومانە میللەتێکین، دەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین، بیکەینە قەڵغان بۆ ئەو بەشە پەلاماردانەی ئێستای عێراق، بیکەینە ماددە بۆ لێکدانەوەی قانوونزانە

**حکومەتی عێراق، کوردی لە سامانی زۆرو زەوەندی عێراق ئاگادار و بەشداری نەکردووە. هیچ دەزگا یان کەسایەتییەکی کورد لە عێراقدا، نازانێ سامانی عێراق چەندە و چۆن دابەش دەکرێ**

**نابێ لەبەرچاومان ون بێت، ئەگەر لێگەڕێین، زەمان هەروا بە بەرژەوەندی حکومەتی عێراق تێپەڕێ، ڕۆژگارێک دێت بەو تەیارە پێشکەوتووانەی کە ئێستا لە ئەمریکا دەیکڕێ، بە دەبابە و چەکە قورسەکانی دیکەشی، پەلاماری شارەکانی کوردستان دەدات**

ناوخۆیی و نێودەوڵەتییـــە کاریگەرەکان تا بە دوای ئەو درزەدا بگەڕێـــن کە دەکەوێتە نـــاو عێراق. ئەو درزەی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سەرنجی بۆ ڕادەکێشێ. ئەوسا ئەو مافە بە میللەتی کورد بدات، بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

بڕیاردانـــی چارەنووس، مافێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە میللەتانی دەدات. مافێك نییە، تەنیا میللەتان خۆیان بە خۆیانی بدەن. ئەگەر میللەتان توانیبایان، ئەو مافە، یەکلایەنە بەخۆیان بدەن، ئەوە ئێستا ژمارەی دەوڵەتانی دنیا، هێندەی ژمارەی نەتەوەکان و دینەکان و مەزهەبەکان و نەژادەکان و شوێنە جوگرافیاییە خاوەن تایبەتمەندەکان دەبوو. بۆیە پێویســـتە، کارێکی هوشیارانەی قانوونی و جددی و پشـــوو درێژانە بکرێ، تـــا میللەتی کورد لەو تەعریفـــە بەرخوردار بکرێت، بە میللەتێك ئەژمار بکرێ کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، غەدری لێکراوە. ئێمە دەبێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافە و ئەو مشوورەتە هەوڵ بدەین، تێکۆشانی ١٠٠ ســـاڵی ڕابردوومان بکەینە ئامڕاز بۆ گەیشتن بە ئاستی متمانەی نێودەوڵەتی.


بە داخەوە، لە کوردســـتان، باو لەوەدایە، لەســـەر ڕێتمی ئایدیۆلۆژیـــای ڕزگاریخوازی، گوێ لە ســـوپایەکی بەرفراوانـــی قانوون خوێنی گەنـــج و حزبی ڕادێرین کە بەبێ خۆماندو کردن، بـــە دڵی خۆیان لێکدانەوە دەکەن. ئەو شێوازە، ســـەرکردەکان بەهەڵەدا دەبات. ئێستا مەیل بەولایە ئاســـانەدایە، بۆیە پێویســـتە ئەو شێوازە بەلاوە بنێیـــن. لە لایەکی ترەوە، ژمارەیەك لە قانوونزانی بیانی هەڵپەرست، بۆ قۆستنەوەی پارە و وەرگرتنی ئیمتیاز لە هەرێمی کوردستان، لە دەوروبەری سەرکردایەتی سیاسی کوردســـتاندا هەن و بەردەوام لەگەڵ قانوونزانە گەنج و حزبیەکانی ناوخۆیی، لەســـەر وەتەری سەربەخۆییەکی ئاســـان، کاردەکەن. ئەوانە، تەنیـــا چاویان لە وەرگرتنی پارەیەکـــی زۆرە و چین چین دێن لە کوردســـتان وەری دەگرن و پاشان بزر دەبن. پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردســـتان، لەم دوو جۆرە لێکدانەوە قانوونیە ئاســـانە، خۆی دوور بخاتەوە.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، ئێستا لەگەڵ عێراق، هەڕەشە لە کوردستان دەکات، ناتەبایی نێوان لایەنەکانی کوردستان و ڕوانگە جیاوازەکانە. کورد پێویستیەتی، ئەم یەکڕیزی نیشـــتمانیەی کە ئێستا غایبە، بە تەواوی بگێڕدرێتەوە. بۆ ئەوەش چاوەڕوان دەکرێ، سەرۆکی کوردستان هەموو حیکمەتی خـــۆی بەکاربێنێ تا هەمـــوو لایەنەکان لە پرۆســـەی بەڕێوەبردنی وڵات و یەکدەنگی و تێکۆشان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی بەشـــداربن. بەشداریکردنی هەمووان زامنـــی یەکڕیزی نیشـــتمانییە. هەر ئەوەش وایکردووە، باری ســـەر شانی ســـەرۆك بارزانی، ئێستا لە هەموو قۆناخەکانی پێشـــوو قورستر بێت. لە شێوازی بردنـــی وڵات بەرەو ســـەربەخۆیی، کـــە بارزانی خۆی پێشـــەنگە لە گەلاڵە کردنی تێزی سەربەخۆییدا، ڕۆڵی ســـەرۆکی ڕزگاریخواز، وا دەخوازێ کە ســـەرۆکایەتی هەموو لایەنـــەکان بکات و لە کردەوەی ســـەرۆکایەتی کردنی وڵاتـــدا حزبایەتی بەکار نەیەت. پێویســـتیەکی تر، دوورکەوتنەوەی کوردســـتانە لـــە گرژی ناوخۆیی. بەتایبەتی ئەو گرژییەی کە هەڕەشـــە لە یەکپارچەیی کوردستان و لە تەبایی دەکات. ئەوەی حکومەتی عێراق و ناحەزانی دەوروبەریش کاری لەسەر دەکەن، لە پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردســـتان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پەکەکە دەردەکەوێت.

هاوپەیمانـــی تورکیا و کوردســـتان، بابەتـــی نەوت لەو نێوەندەدا، دیســـان باسێکی دیکەیە کە لایەنەکانی ناوخۆ و دەرەوە، لەســـەری ڕادەوەستن. ئاســـاییە سەرکردایەتی کوردستان، بە هەموو شێوەیەك، چەکی نەوت بەکاربێنێت بـــۆ رازیکردنی تورکیـــا و دابین کردنـــی بەرژەوەندی هاوبەش. هەڵبەت، لەلای ئێمەوە ئەو بەرژەوەندییە بخرێتە خزمەتی پاراستنی کوردستان لە دەست پەلاماری عێراق. لەوانەیە ئەم پاراستنە قۆناخی جیا جیای هەبێت. ئەوەی بەدی دەکرێ، کارێکی خێرا و ئاسان نییە. قۆناغەکانی دوور ڕاگرتنی عێراق، لە چارەنووسی کوردستان، دەکرێ لە ئێســـتاوە دەســـتی پێ کردبێ. بەڵام ئایا تورکیا لەو مەســـەلەیە تێگەیشـــتووە؟ نابێ تەجرەبەی تاڵی ساڵی



**پێویستیەکی تر، دوور کەوتنەوەی کوردستانە لە گرژی ناوخۆیی. بەتایبەتی ئەو گرژیەی کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی کوردستان و لە تەبایی دەکات. ئەوەی حکومەتی عێراق و ناحەزانی دەوروبەریش کاری لەسەر دەکەن، لە پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، پەکەکە دەردەکەوێت**



■ بەشداریکردنی هەمووان زامنی یەکڕیزی نیشتمانییە، بۆیە ئەرکی سەرۆك بارزانی، لە هەموو قۆناخەکانی پێشوو قورسترە.

١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلوول، بمانترسێنێتەوە. هەبوونی متمانە بە تورکیا، ترسێکە لە لای هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان هەیە. هەموو کەس، لای خۆیەوە دەپرسێ؛ ئەرێ تورکیا بە پەیمان یان بەڵگەنامەی قانوونی، لەگەڵ هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ئەم هاوپەیمانێتی و ئەم کێشە هەرێمایەتیە؟ یان متمانە کردنە بە شەخسێك کە ئێستا سەرکردایەتی تورکیا دەکات(ئۆردوگان)؟ ئەو تەجرەبە و گومانانە، سەرکردایەتی کوردستان، دەخەنە ژێر فشار، تا ڕاستی لە میللەتی خۆیان نەشارنەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەرێ جیا لە تورکیا، لایەنی دیکە هەن کە مەیلیان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت؟ ئەم لایەنە نێودەوڵەتیانە- ئەگەر هەبن- دەبێ کورد لێیان ئاگادار بێت.

هەموو ئەو باسەی دەیکەین، دەوەستێتە سەر ئاستی ژیانی دانیشتووانی کوردستان. پرسیار ئەوەیە چەند دەپارێزرێت؟ کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕێگایەکی درێژی لە پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیری کۆمەڵایەتیدا بڕیوە. وا دەخوازێ، سەربەخۆیی کوردستان، ئەو سەقامگیریی و گەشەسەندنە ئابووری و کۆمەڵایەتییە، نەکاتە سووتەمەنی و کۆتایی پێ نەهێنێت. وزەی گەورەی میللەتی کورد، لەو پێشکەوتنەدایە. متمانەی نێودەوڵەتیش لەو پێشکەوتنەدایە کە پێیانوایە، کورد خۆی بەڕێوەدەبات. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیەکەی، مشووری بەکارهێنانی عاقڵانەی سامانی کوردستان بخۆن. بە نەوت و غەیری نەوتەوە، هەوڵ بدەن پێ بە پێی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، ئاستی ژیانی خەڵك نەکەوێتە بەر مەترسی، گەشەسەندن لە کوردستان نەوەستێت. دەکرێ ئەو دوو ئامانجە بەیەکەوە ڕابەری بکرێن؛ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، بە پاراستنی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە. میللەتێك لێی بشێوێت و داخڵی گێژاوی شۆڕشگێڕی بکرێتەوە، توانایی یەکڕیزی زۆر کەم دەبێتەوە و ئەگەرەکانی ناحەزی زۆر دەبن.

من پێموایە هەوڵدان بۆ بەرەوپێشەوە چوون، بەرەو سەربەخۆیی قۆناخ بە قۆناخ، بەبێ پەلەکردن، بێ دواکەوتن، ئازار لەسەر ملی میللەت کەمدەکاتەوە و یەکڕیزی زیاتر دەکات. ئینجا بواری بیرکردنەوە دەهێڵێتەوە، دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ عێراق و دنیا، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی هاوبەش، کراوە دەبێت.

حکومەتی عێراق پاڵمان پێوەدەنێت تا بە خێرایی، وەك ناوچەکانی دیکەی عێراق، لە شەڕدا بسووتێین. کاتێک سووتاین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمپانیاکانی، کە هاوکاری ئابووریی کوردستان دەکەن، نامێنن. ئەگەر ئەو دۆخە بەسەرماندا بسەپێت، ئەوکات دەکەوینە بارودۆخێکی سەختتر کە زیانی لە قازانجی زیاتر دەبێت. پێویستە هەموو هەوڵەکان ڕووی لە سەربەخۆییەکی عاقڵانە بێت.



ئێلین لۆست بۆ گوڵان:

# زۆرجار ئاکامی هەڵبژاردن دەبێتە پاڵپشت بۆ دەسەڵاتێک کە بڕوای بەدیموکراتیەت نییە

**پرۆفیسۆر ئێلین لۆست ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی یاڵ (Yale) و پسپۆر و تایبەتمەندە لە دیراساتی رۆژهەڵاتی هاوچەرخ و دەوڵەتانی عەرەبی و دواین کتێبی بەناونیشانی (بەشداری سیاسی خەڵکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، بۆ قسەکردن لەسەر بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسیی و گرنگی هەڵبژاردنەکان بۆ ژیانی ئەو وڵاتانەی هاوشێوەی عێراق کە بە بارودۆخێکی ئاڵۆزی راگواستندا گوزەر دەکەن، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر ئێلین لۆست کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** هەڵبژاردنەکان یەکێکن لە پایە بنەڕەتیەکانی پرۆسەی دیموکراسی، ئەگەرچی هەڵبژاردن بە تەنیا بەس نییە بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی، بەڵام بە بۆچوونی ئێوە تا چ رادەیەك گرنگە کە هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت بە تایبەتی لە قۆناغە ئینیتقالیەکاندا؟**

- پێموایە کارێکی گرنگە کە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی دەوری بکرێت و هەر چوار ساڵ جارێك ئەنجام بدرێن و هەندێ جاریش هۆکاری ئەوە دێتە ئاراوە کە هەڵبژاردنەکان زووتر لەکاتی خۆیان یان درەنگتر لەکاتی خۆیان ئەنجام بدرێن. بە دڵنیاییەوە کێشەکە ئەوەیە کە تۆ هۆکارێکت دەوێت بۆ ئەوەی بۆچی ناتوانیت بۆ کاتێکی نادیار هەڵبژاردن دوا بخەیت.

*** وڵاتانی دوای دیکتاتۆریەت یان ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی ئینتیقالیدان، ئەوا هێشتا دامەزراوەکان وەك پێویست نەچەسپیون. بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك لاوازی دامەزراوەکان کاریگەری هەیە لەسەر رەوایی هەڵبژاردنەکان؟**

- پێموایە بە شێوەیەکی گشتی لاوازی دامەزراوەکان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بڕینی قۆناغی ئینتیقالی و دەکرێت هۆکاری جیاوازی گەورەی نێوان تونس و لیبیا لە بەشێکیدا بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تونس دامەزراوەی چەسپیوی باشی هەبوو بە پێچەوانەی لیبیاوە. کەواتە

بە دڵنیاییەوە لە پرۆسەی بەرفراوانی ئینتیقالیدا رادەی بەهێزی و لاوازی دامەزراوەكان رۆڵی زۆر گرنگیان هەیە. بەڵام بە تەواوەتی روون نییە كە بەهێزی دامەزراوەكان بە زەرورەت دەبنەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنێكی دادپەروەرانە بكرێت، یان نە.

*** لە بەر ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا ئامارێكی راست و دروست نییە لەبارەی ژمارەی دانیشتوانەوە، بۆ نموونە هێشتا خەڵكی لە عێراقدا بەپێی كۆبۆنی خۆراكی نەتەوە یەكگرتووەكان دەنگ دەدەن، كەواتە هێشتا ژمارەی دەنگدەران روون نییە. بە بۆچوونی ئێوە تا چ رادەیەك هەڵبژاردنەكان شەرعیەتیان هەیە ئەگەر هاتوو ئامارێكی دروست نەبوو لەبارەی ژمارەی دەنگدەرانەوە؟**

- ئاشكرایە ئەمە كێشەیەكی گەورەیە لە پێوەندیدا بە رێوشوێنەكانی دیموكراسیەوە، چونكە ئەنجامدان و جێبەجێكردنی هەڵبژاردن كارێكی سەختە كاتێك بیرۆكەیەكی روونت نەبێت لەبارەی ژمارەی راستەقینەی دانیشتووانەكە و بازنەكانی هەڵبژاردنەوە، هەروەها ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی چ جۆرە رێوشوێنێك پیادە دەكرێت بۆ پرۆسەی تۆماركردن و تا رادەیەكیش دەوەستێتەسەر سروشتی سیستمی هەڵبژاردنەكە، ئەگەر سیستمێكی هەڵبژاردنت هەبێت كە لەسەر ئاستی نەتەوەكە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی پەیرەو بكرێت، ئەوا پرسیاری ئەوەی كێ لە كوێ دەژێیت گرفتێكی كەمتر دروست دەكات.

*** ئەگەر لە بارودۆخی ئێستای عێراق بڕوانین، ئەوا توندوتیژیەكی تائیفی توند لە ئارادایە. ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك لە سایەی شەڕی ناوخۆدا هەڵبژاردن دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی دیموكراسی؟**

- پێموایە ئەمە دوو پرسیار لە خۆدەگرێت، یەكێكیان ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆدا دەبێتە هێزێك بۆ بەرەوپێشبردنی دیموكراسی، لەلایەكی دیكەوە پرسی ئەوەی تا چ رادەیەك ناسەقامگیریی هەڵبژاردن لاواز دەكات و ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە لاواز دەكات، هەروەها مەسەلەی ئەوەی كە هۆكارگەلێكی دیاریكراو هەن كە دەبنەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنەكان بە ئاسانی ئەنجام نەدرێن یاخود دەرئەنجامێكی شەرعیان لێنەكەوێتەوە، ئەمەش ئەگەر هاتوو لە هەلومەرجێكی ناسەقامگیردا ئەنجام دران، وەك بوونی كەشێك توندوتیژی زاڵبێت بەسەریدا، كە تێیدا هۆكاری ئەوە هەیە هەموو كەسێك هەست بەوە نەكات سەلامەتە كاتێك بەرەو سندوقەكانی دەنگدان دەچێت. روونیشە لەو كاتەدا ناتوانرێت بووترێت كە هەڵبژاردنەكان نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵك دەكەن. لەو رووەوە پێوەندی نێوان ناسەقامگیری و ناكۆكی لەگەڵ دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردندا پێوەندیەكی روونە و و بە داخەوە پێوەندیەكی سلبیشە. لە پێوەندیدا بەوەی ئایا هەڵبژاردنەكان خۆیان لە خۆیاندا كەم تا زۆر رۆڵێكی گرنگ دەبینین لە قۆناغی ئینیتقالیدا،...بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام هەڵبژاردن بكرێت ئەگەرچی هۆكاری ئەوەش لە ئارادا بێت كە هەڵبژاردنێكی بێ كەموكوڕی نییە لە رووی دەرئەنجامەكانەوە. واتە رەنگە هۆكاری ئەوەش هەبێت كە هەڵبژاردن بكرێت لە كاتی بوونی ناكۆكیدا، بەڵام ئەگەر راشكاوبم لەگەڵتاندا ئەوا هێشتا پێوەندی نێوانیان بەلای ئێمەوە- بەلای كەمەوە بەلای منەوە- روون نییە.

*** نەبوونی ناسنامەیەكی نیشتمانی هاوبەش لە وڵاتە فرەئیتنیەكانی دوای دیكتاتۆریەتدا، وەك یوگسلافیای پێشوو، وایكردووە خەڵكانی سەر بە گرووپە ئیتنیە جیاوازەكان تەنیا دەنگ بە پاڵێوراوەكانی سەر بە گرووپە ئیتنیەكەی خۆیان بدەن كە تەنیا نوێنەرایەتی ئەو گرووپە دەكەن. دەمانەوێت لەم بارەیەوە بپرسین تا چ رادەیەك هەڵبژاردنەكان لە وڵاتانی فرەئیتنی دوای دیكتاتۆریەت فاكتەرێكن بۆ دابەشكردنی وڵات؟ چونكە ئێستا هەمان سیناریۆ لە عێراقیشدا روودەدات؟**

- بە دڵنیاییەوە پێموایە چەندین هۆكار هەن بۆ ئەوەی كە نەبوونی ناسنامەیەكی نیشتمانی هاوبەش پرۆسەی ئینتیقالی لاواز دەكات یاخود بەلای كەمەوە دووچاری دژواری دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە كێشەیەك نییە تەنیا لەو وڵاتانەدا هەبێت كە بە قۆناغی ئنیتیقالیدا گوزەر دەكەن و ئێمەش دەزانین چەندین رێگا هەن بۆ دروستكردنی دامەزراوەی باش و لە بنەڕەتدا دەستەبەركردنی مافی كەمینەكان و دەستبەركردنی مافی گرووپە جیاوازەكان، یەكێك لەو مەسەلانەی سەرنجیان بۆ رادەكێشین بریتییە لە چارەسەری دامەزراوەیی سەرەڕای بوونی دابەش بوون.

*** لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا پارتی حكومڕان هەڵدەستێت بە سەركوتكردنی پارتە سیاسییەكانی دیكە و ركابەرە سیاسییەكانی، هەروەها پێشتر ئەم كارەمان لە وڵاتی مۆزەمبیق بینی، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت كە پارتی حكومڕان دەیەوێت لەڕێی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بەدەست بهێنێت. تا چ رادەیەك ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە پرۆسەی دیموكراسی دەخەنە مەترسیەوە؟**

- ئاشكرایە ئەوە كێشەیە، دەكرێت هەڵبژاردنەكان بۆ پاڵپشتی رژێمێك بەكار بهێنرێن، كە مەرج نییە رژێمێكی دیموكراتی بێت و دەكرێت ببێتە میكانیزمێك بۆ دیموكراسی، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە هاوڕام لەگەڵتاندا كە ئەنجامدانی هەڵبژاردن- بە تەنیا- نابێتەهۆی هێنانەدی دیموكراسی. بەڵام بە دڵنیاییەوە رێگاگەلێكی گرنگ هەن كە دەكرێت لەبەرچاویان بگرین بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیكە و دەستنیشانكردنی ئەو دەرسانەی دەكرێت لێیان فێر بین.

**پێوەندی نێوان ناسەقامگیری و ناكۆكی لەگەڵ دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردندا پێوەندیەكی روونە و و بە داخەوە پێوەندیەكی سلبیشە**

**هۆكارگەلێكی دیاریكراو هەن كە دەبنەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنەكان بە ئاسانی ئەنجام نەدرێن یاخود دەرئەنجامێكی شەرعیان لێنەكەوێتەوە، ئەمەش ئەگەر هاتوو لە هەلومەرجێكی ناسەقامگیردا ئەنجام دران**

**بە دڵنیاییەوە لە پرۆسەی بەرفراوانی ئینتیقالیدا رادەی بەهێزی و لاوازی دامەزراوەكان رۆڵی زۆر گرنگیان هەیە. بەڵام بە تەواوەتی روون نییە كە بەهێزی دامەزراوەكان بە زەرورەت دەبنەهۆی ئەوەی هەڵبژاردنێكی دادپەروەرانە بكرێت، یان نە**

# ئینتەرنێت و مرۆڤ

## هەندێ تێڕامان لە ئینتەرنێت و ئامێرە تەکنەلۆژیەکان





رێبوار سیوەیلی *

ئینتەرنێت بەدیلی پێوەندیی ڕاستەوخۆی حوکمداریی نییە لەگەڵ خەڵك، بەڵام ئەم پێوەندییە پتەو و خێرا دەکات. تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت لە خۆیدا بۆ سیاسەت ئامانج نین، بەڵکە ئەو خێراییە لە پێوەندیکردن بە خەڵکەوە لە شوێن و کاتدا، ئامانجێکی گرنگی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئینتەرنێتە. سیاسەت ناتوانێت بەهۆی ئینتەرنێتەوە بڕیاری دروست بدات و خۆی لە پێوەندییە ڕاستەوخۆکان بدزێتەوە. ڕێژەی کلیکی بینەرانی پەیام و دروشمە سیاسییەکان، ڕێژەی شەیرکردنەکان و کۆمێنتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە نیشانەی هاوڕێیەتییەکی جێگیری نێوان حوکمداریی و خەڵك لێکنادرێنەوە، بەڵکو ئەوە هەلێکی باشە بۆ بەسەرکردنەوەی خەڵك پێش بارەکان و هەڵسەنگاندنی وردیان.

ئینتەرنێت پەنجەرەیەکی فراوان لەسەر دنیابینی ئەخلاقیانەی ئێمە دەکاتەوە. جیهان لە ئینتەرنێتدا بۆ تاکەکەس دەبێتە گوندێکی بچکۆلە کە دەتوانێت تا ئەندازەیەکی زۆر بە هەموو شتێکی ئەم دنیایە ئاشنا بێت. ئینتەرنێت لە ڕاستیدا شکاندنی کۆی ئەو سانسۆرانەیە کە بەناوی خودا، پاشا و باوکەوە لەسەر مرۆڤ داندرابوون. مرۆڤ لەگەڵ ئینتەرنێتدا پابەندیی هیچ یاسایەکی سانسۆرکەر نییە و ئازادیی گەڕان بەناو تۆڕەکاندا چێژی ئەزموونکردنی ئازادانەش دەخاتە مێشکی بەکاربەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئینتەرنێت هەمیشە ناچار بە هەڵبژاردنی ئاکاریانە و ئەخلاقیانەمان دەکات. ئینتەرنێت جیهانمان لە شێوەی فرەیی، هەمەڕەنگیی، پێوەندیی، لالێکردنەوە، بەرپرسیاری، پێکەوەهەڵکردن، لێبووردەیی و بەخشین و ئەزموونی هاوبەش و تاد. پێدەناسێنێتەوە.

* ئایەت بە گوڵان دەینووسێت

**بەبێ ئینتەرنێت هەل و دەرفەتەکانی سەرکەوتن لە ژیاندا مەحاڵە و ئینتەرنێت پێوەندییەکی بوونخوازانەی لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا کردووە هەرچەندەش ئەمە بۆ مرۆڤایەتی جێی ئازار و شۆک بێت**

**ئینتەرنێت تەنیا هەر تەکنەلۆژیایەک نییە، هەر ئامرازێک نییە، هەر تەنیا مەهارەتێک نییە کە بە کۆرسێکی تایبەت فێری ببین. ئینتەرنێت جۆرێکیش لە جیهانبینیی نوێ سەبارەت بە بیرکردنەوەو دەرەکیی ئێمە لە جیهان و بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تواناکان و هەستەکانی خۆمان پێشنیار دەکات**

١. مرۆڤ داهێنەری ئینتەرنێتە. وەك داهێنەر، هەمیشە مرۆڤ بڕیار دەدات ئینتەرنێت وەك داهێنراوێك بۆچی و لە چ پێوەندییەکدا بەکار بێت و چ دەسەڵاتێکی لە ژیانی ئەودا هەبێت. ئینتەرنێت بیرکەرەوە نییە، ئەو ناتوانێت وەك دیکارت بڵێت: من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم. بوونی ئینتەرنێت لەو بیرکردنەوەیەوە نایەت، بەڵکو بوونی ئینتەرنێت لە بیرکەرەوەوە دێت. بیرکەرەوە سەرچاوەی بوونی ئینتەرنێتە و ئەوەی بیرکەرەوە بیری لێدەکاتەوە، دەبێتە بابەتی چالاکییەکانی ئینتەرنێت لە بواری بیرکردنەوەدا. ئەگەر ئینتەرنێت خۆی بیرکەرەوە بوایە، بیر پێویستی بە بیرکەرەوەیەك نەدەبوو، ئەوەش کە بوونی ئینتەرنێت بە هەزاران ساڵ دەکەوێتە پاش بوونی مرۆڤەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە بیرکەرەوە مرۆڤە نەك مەکینە. یان سیستەم.

٢. بەڵام ئینتەرنێت مرۆڤی بیرکەرەوە لە ئاستی مرۆڤایەتیدا جێدەهێڵێت. هەموو مرۆڤەکان بیرکەرەوەی دروستکەری ئینتەرنێت نین، ئەوەش کە تاکەکەس کردوویەتی بەسەر گشت مرۆڤایەتیدا ناگشتێنرێت، بۆیە ئینتەرنێت لە ڕقی ئەوەی ناتوانێت بوونی خۆی بخاتە پێشمەرجی بیرکەرەوەوە، تۆڵەی خۆی لە هاوچەشنەکانی بیرکەرەوە دەکاتەوە. ئینتەرنێت مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەو جۆرە ئاراستەی دەکات کە دەیەوێ. بە مانایەکی دیکە، ئەوانەی دەتوانن ئینتەرنێت بەو جۆرە بەکار بهێنن کە دەیانەوێ، دەتوانن مرۆڤایەتی بۆ ئەو شوێنە ئاراستە بکەن کە دەیانەوێ. بۆیە لەمەودوا بەبێ ئینتەرنێت هەل و دەرفەتەکانی سەرکەوتن لە ژیاندا مەحاڵە و ئینتەرنێت پێوەندییەکی بوونخوازانەی لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا کردووە هەرچەندەش ئەمە بۆ مرۆڤایەتی جێی ئازار و شۆك بێت. چونکە هەموومان ئەوە دەزانین کە توانای ئینتەرنێت وەك توانای دروستکەرەکەی سنووردار و بگرە بۆ زۆر پرسی ڕۆحیی و بەهایی و هزرینیش بێدەسەڵاتە.

٣. ئینتەرنێت ناتوانێت جێی ویژدان، هاوڕێیەتی، ئەخلاق، بەهاکان، ڕاستەقینە و درۆ، خۆشەویستی و سۆز، گریان و پێکەنین بگرێتەوە. بەڵام دەبینین چۆن ئێمە بۆ گریان و پێکەنین، بۆ خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوە، جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو داتایانەی بڕیارە ئەخلاقیەکانیی لەسەرەوە دەدەین، بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئاسوودەیی ویژدانمان لە ئاست ئەو ڕووداوانەی بە هەزاران کیلۆمەتر دوور لە ئێمەوە ڕوودەدەن، پابەندیی ئینتەرنێت بووین! ئینتەرنێت بۆتە نەك هەر بەشێك لە ئێستامان، بەڵکو بەشێکیشە لە داهاتوومان..

٤. ئینتەرنێت بەشێکە لە داهاتوومان، بەڵام دابینکەریی هەموو داهاتوومان نییە. ئەوەی هەموو داهاتوومان بدەینە دەست ویستێکی ئینتەرنێتی، یان مژدەیەکی دیجیتاڵی، بە هەمان ئاست گەمژانەیە کە لە ئێستاوە بڕیار بدەین پێویستمان بە ئینتەرنێت و دیجیتاڵیزەکردنی ئەو ڕێگایانە نییە کە دەمانگەیەنن بە داهاتوویەکی سەرکەوتوو. هێندە هەیە ئەگەر بمانەوێت داهاتوومان بهێنینە ئاستی چاوەڕوانییەکانمان، ئینتەرنێت ڕۆڵی خۆی هەیە. پێویستە لە ئێستاوە لەو ڕاستییە تێبگەین کە ئینتەرنێت دیاردەیەکە کە خۆی بۆ ئێمە بەدیار دەخات. بەڵام هەر دیاردەیەك کە دەردەکەوێ، تەنیا ڕەهەندێکی خۆی بۆ ئێمە بەدیاردەخات، نەك لە سەرجەمیەتی خۆیدا. ئێمە لە سۆنگەی ئەو ڕەهەندەوە دەتوانین ڕەهەندەکانی تریشی ببینین و لایان لێبکەینەوە. هەر لالێکردنەوەیەکی ئێمەش وەك بکەری ئەزموونکەری دیاردەکان، لالێکردنەوەیە لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە. ئێمە لە یەك کات و لە یەك ڕوانگەوە ناتوانین کۆی دیاردەیەك و ڕەهەندە شاراوەکانی ببینین. لالێکردنەوەی ئێمە بەپێی چاوەڕوانییەکانمان، بیرکردنەوەمان، پلان و خۆ ئامادەکردنمان بۆ بینینی کۆی دیاردەکە وەك ئەوەی کە بۆخۆی هەیە، بە ئەنجام دەگات.

٥. بەبێ خۆ ئامادەکردن، پلاندانان و خۆ ڕۆشنبیرکردن، ئینتەرنێت تەنیا وەك ئامرازێك بۆ ئێمە دەمێنێتەوە، نەك تەکنەلۆژیایەك لە خۆیدا. لەم دۆخەشدا بۆی هەیە ئینتەرنێت بمانگەوجێنێ نەك ڕۆشنگەرمان بکات، چونکە وەك دیاردەیەك بۆی هەیە (لە ناهوشیاریی ئێمەدا)، ڕەهەندێکی باش و جوان و مژدەبەخشی خۆیمان پیشان بدات و ڕەهەندە ئازاردەر و نائومێدکەرو ماشێنییەکەی بشارێتەوەو ئێمە بەو جۆرە ئاراستە بکات کە ویستی خۆمانی لەسەر نەبووە. بەمجۆرەش، ئینتەرنێت هەر تەنیا ئامرازێك نییە بۆ بەکارهێنان، بەڵکە خۆئامادەکرنێکیشە بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە. بەدەستهێنانی ڕۆشنبیریی و ئاستێکی دانایی تایبەتیشە کە بەرهەمهێنەری ئەم دیاردەیەیە. ئینتەرنێت تەنیا هەر تەکنەلۆژیایەك نییە، هەر ئامرازێك نییە، هەر تەنیا مەهارەتێك نییە کە بە کۆرسێکی تایبەت فێریی ببین. ئینتەرنێت جۆرێکیش لە جیهانبینیی نوێ سەبارەت بە بیرکردنەوەو دەرەکیی ئێمە لە جیهان و بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تواناکان و هەستەکانی خۆمان پێشنیار دەکات.

٦. گۆڕان و هەڵگێڕانەوە و ئاڵوگۆڕ لە پێگەو پێوەندیی و مامەڵەکانی نێوان مرۆییدا، بەشێکە لەو واقیعەی ئینتەرنێت بەسەر کایەکانی کۆمەڵگادا دەیسەپێنێت بەبێ مەیل و ڕەزامەندیی هەمیشەیی بکەرانی کۆمەڵایەتی. گۆڕان و هەڵگێڕانەوەی (شوێن) و (کات) و (سنوور) و (کەوشەن)ی ئەتنیکی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکان. لە دنیایەکدا کە بیەوێ سوود لە ئینتەرنێت وەربگرێت بە

ئاراستەی داهاتوویەکی سەرکەوتوودا، پێویستە بکەر پێش هەموو شـــتێك خۆی لە قەفەسی بەرخۆریی تەکنەلۆژیا ڕزگار بکات و تەکنەلۆژیا بناسێت. ناسینی تەکنەلۆژیا بەبێ بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە مرۆڤ و بەبێ ڕوانگەی زانستیانە، لە تەکنیك مەیســـەر نابێت. تەکنەلۆژیا وەك بەرهەمی جیهانبینییەکی مۆدێرنی فەلسەفیی و زانست وەك دایکی تەکنیك و ئامێر، پێشـــمەرجی بەکارهێنانی ویست باوەڕانە و ئامانجگەرایانەی تەکنەلۆژیا و لەوانەش ئینتەرنێتە. ئینتەرنێت وەك دیاردەیەك هەمیشـــە زیاد لە ڕەهەندێکی هەیە، کە هەندێکیان ئاشکرا بەدیار دەکەون و هەندێکیشـــیان بە شاراوەیی دەمێننەوە، کە پێویستییان بە خۆئامادەکردنی فەلسەفیی و زانستی هەیە بۆ تێگەیشتن و ناســـینییان وەك ئەوەی لە خۆیانـــدا هەن. مرۆڤ لە ئاســـتێکی ئاگایی و هووشـــیاریی تایبەتدا دەتوانێت لە دیاردەیەك تێبـــگات، کە ئەزموونی دەکات. بەڵام ئەوەی ئەزموونی دەکات یەکســـان نییە بـــەوەی لێی تێدەگات. مرۆڤ هەڵەش دەکات و بە هەڵەش لە دیاردەکان تێدەگات، بەڵام هەڵە شـــیاوی ڕاستکردنەوەیە و لەمەشدا فەلسەفە گرنگیی خۆیی هەیە.

٧. ئەو بوار و کایانە چین کە نابێت بە هەڵە ئینتەرنێتیان بۆ بـــەکار بهێنین، تا هەڵەکردن لە تێگەیشـــتندا نەبێتە هۆکاری بەهەڵە بەکارهێنانیان و لەوێشـــەوە لەدەستدانی داهاتـــوو، چونکە داهاتوو ئەو بەها بەرزەیە کە ئێمە بۆی دەژین، خەباتی بۆ دەکەین و وەك ئامانجێك کە بەهۆیەوە مانا بە بوونـــی هەنووکەییمان دەبەخشـــین، خەباتی لە پێناودا دەکەین و ئەمـــەش لە بەهای ژیانی داهاتوومان زیاد دەکات لەبەرئەوەی ئێمە ســـوور دەزانین کە داهاتوو تەنیا بۆ خۆمان نییە و داهاتوویەکی گشتییە و لە پێناوی ئەوانیتر و نەوەکانی پاشتردایە. من لێرەدا سێ پانتایی بیر دەخەمەوە، کە دەتوانین بەهۆی تێگەیشتن لە ئینتەرنێت، وەك ئامانجی هاوبەشـــی داهاتوومان کاریان بۆ بکەین: پەروەردە، سیاسەت و ئەخلاق..

٨. ئینتەرنێت پێوەندییەکی جووت جەمســـەری لەگەڵ پەروەردە هەیە. هەم شـــێوازی پەروەردەکردن و سیستەمی پـــەروەردە دەگۆڕێـــت و هەم بۆخۆیشـــی پەروەردەیەکی نوێیـــە. ئینتەرنێت کۆی بینین و تێگەیشـــتنی ئێمە لە پرۆســـەی پەروەردەکردن دەگۆڕێت و قوتابی و منداڵەکان لە ئۆبژەیەکی، یان بابەتێکی پەروەردەییەوە دەگۆڕێت بۆ سۆژە و بکەر و خودێکی پەروەردەیی. چەمکی پەروەردەش لـــە پەروەردەکردنـــەوە دەگۆڕێت بـــۆ خۆپەروەردەکردن، یـــان پەروەردەیەکی بەشـــدارییکەر. پێگـــەی منداڵ لە سیســـتەمەکەدا دەخاتە پێشـــەوەی مامۆستاوە و منداڵ بەهۆی ئینتەرنێتەوە زووتر لە مامۆستا دەستبەکار دەبێت. ئەمە چەندە بە دیوێکدا دڵخۆشکەرە، ئەوەندەش بەو دیوەی تردا کە پەروەردەیەکـــی تەکنەلۆژیانەیە بەبێ ئەزموونی مرۆیی، کارەساتبارە. پشتبەستنی ڕەها بە تەکنەلۆژیا لە بواریی پەروەردەدا بەبێ ئەزموونی مرۆیی و تێگەیشتن، هـــەر ئەوەندە مەترســـیدارە وەك ئـــەوەی تەکنەلۆژیا لە پـــەروەردەدا پشـــتگوێ بخەین. هەڵەکـــەش ڕێك لێرەدا ڕوودەدات: تەســـلیمکردنی پەروەردە و خۆپەروەردەکردن بە منداڵ خۆی، بەمانای بڕواهێنانە بە ئامێر وەك بیرکەرەوە، یان بڕوایەکی بێبنەمایە بە تەکنەلۆژیا بەبێ فەلســـەفە و تێگەیشـــتن. لەبەر ئەوە ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردەدا گەرانتیەکـــە بۆ گەڕانەوەی مـــرۆڤ بۆ ئەزموونەکانی خۆی لەگەڵ جیهانی واقیع، نەك پشتبەستن بە میمۆریی تەکنەلۆژیانە. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەزموونکەرە و لە هەر ئەزموونێکیدا بۆ دیاردەکانی ژیان، شتێکی نوێ فێر دەبێت و هەڵەیەکی پێشووی لە تێگەیشتندا ڕاست دەکاتەوە. ئەم دووبارەکردنەوەیە، ئـــەم بەردەوامیی ئەزموونە جیاوازە لە هەڵگرتنەوە و داتاکردنی زانیـــاری. کۆمپیوتەر هەزاران جار لە مرۆڤ زیاتر زانیاری هەڵدەگرێت و دەیهێنێتەوەو داتای دەکات، بەڵام ناتوانێت وەك ئەوەی مرۆڤ لە پاش و لەگـــەڵ هەر ئەزموونکردنێکی بـــۆ جیهانی دەرەکی، بیربکاتـــەوە و زانیارییەکانـــی (information) بکاتە دانایی (knowledge). بەمجۆرەش بەبێ تێگەیشـــتن لە مرۆڤ و چۆنێتی گۆڕینـــی زانیاری و داتاکان بۆ دانایی و حیکمەت، پەروەردەیەکی پشتبەســـتوو بە ئامێر، مرۆڤێکی ئامێریت بۆ دروســـتدەکات. ئەمە ئەو هەڵەیە نابێت بیکەین.

چەمکی پەروەردەش لە پەروەردەکردنەوە دەگۆڕێت بۆ خۆپەروەردەکردن، یان پەروەردەیەکی بەشدارییکەر. پێگەی منداڵ لە سیستەمەکەدا دەخاتە پێشەوەی مامۆستاوە و منداڵ بەهۆی ئینتەرنێتەوە زووتر لە مامۆستا دەستبەکار دەبێت

٩. سیاسەت و حوکمداریی چەندە بەهۆی تەکنەلۆژیا و دنیای ئینتەرنێتەوە فـــراوان دەبێت ئەوەندەش دەکەوێتە داوی هەمەپەسەندییەوە و دانایی سیاسیی شوێنی خۆی بۆ پۆپۆلاریزم و گاڵتەبازاڕی چۆڵ دەکات. مەترسیەکی گەورەیە وەها بیربکەینەوە کە دەتوانین بە پشتبەســـتن بە تەکنەلۆژیای ڕووت سیاسەتێکی باش بکەین، بەڵام ئەم قسەیە بەهەمان شـــێوەش گاڵتەجاڕانەیە گەر بمانەوێت ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی لە سیاسەت دوور بخەینەوە. سیاســـەت زانستێکی پراکتیکییە و ڕەگوڕیشە تیۆرییەکانی ئەوەتا لە فەلســـەفە و ئاکاردا. سیاســـەت هونەری دۆســـتی و هاوڕێیەتیکردنی واقیعە بەو جۆرەی کـــە بەرژەوەندیی گشـــتی کۆمەڵگا ببێتـــە ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەت زیان بە ئەخلاقیی تایبەت نەگەیەنێت. هەر بۆیەشە لە کۆنەوە، بۆ نموونە لەلای ئەریستۆتالیس، سیاســـەت وەك هونـــەری دابینکردنـــی کۆمەڵگا، یان بەڕێوەبـــەری کۆمەڵگا پێناســـەکراوە، نەك (ڕامکەر)ی کۆمەڵگا. سیاسەت هونەری ڕامکردن و ڕامیاری نییە، بەڵکـــو هونەری بەڕێوەبردنـــە، (پۆڵیتیکا= politica) یە، نـــەك ڤایڵەنتیکا (violentica)! (لە ڤایڵەنســـەوە: violence). سیاسەت وەك بوارێکی کردەیی، پێویستی بە پێوەندییەکی زیندوو لەگەڵ خەڵك و واقیع هەیە. بۆیە

سیاسەت وەک هونەری دابینکردنی کۆمەڵگا، یان بەڕێوەبەری کۆمەڵگا پێناسەکراوە، نەک (ڕامکەر)ی کۆمەڵگا. سیاسەت هونەری ڕامکردن و ڕامیاری نییە، بەڵکو هونەری بەڕێوەبردنە



**سیاسەت هەمیشە لە ئەخلاقدا سەرکەوتن بۆخۆی دروست دەکات. دابڕانی سیاسەت لە ئەخلاق و حوکمداری زەمینەی بەدوژمنکردنی هەمووان لە دژی هەمووان لە کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت و ئەو کاتەش هەرکەس ئەوە دەکات کە بۆخۆی مەیلی لێیەتی، نەک ئەوەی کە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش پێویستە**

ئینتەرنێت بەدیلی پێوەندیی ڕاستەوخۆی حوکمداریی نییە لەگەڵ خەڵك، بەڵام ئەم پێوەندیە پتەو و خێرا دەکات. تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت لە خۆیدا بۆ سیاسەت ئامانج نین، بەڵکە ئەو خێراییە لە پێوەندیکردن بە خەڵکەوە لە شوێن و کاتدا، ئامانجێکی گرنگی بەکارهێنانی سیاسییانەی ئینتەرنێتە. سیاسەت ناتوانێت بەهۆی ئینتەرنێتەوە بڕیاری دروست بدات و خۆی لە پێوەندییە ڕاستەوخۆکان بدزێتەوە. ڕێژەی کلیکی بینەرانی پەیام و دروشمە سیاسییەکان، ڕێژەی شەیرکردنەکان و کۆمێنتەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بە نیشانەی هاوڕێیەتیەکی جێگیری نێوان حوکمداریی و خەڵك لێکنادرێنەوە، بەڵکو ئەوە هەلێکی باشە بۆ بەسەرکردنەوەی خەڵك پێش بارەکان و هەڵسەنگاندنی وردیان. ئینتەرنێت دەتوانێت ڕووماڵی ئەو بەشە لە دیاردە سیاسییەکانمان بۆ بکات کە خۆیان لە ئان و ساتدا بۆ لایەنگران و خەڵك بەدیار دەخەن، بەڵام ناتوانێت ئەو بەشە لە دیاردە سیاسییەکانیان لێبشارێتەوە کە لە ئەزموونکردنەکانی پاشتریاندا پەی پێدەبەن و بەهۆیەوە تێگەیشتنی خۆیان دەگۆڕن و هەڵەکانیان ڕاستدەکەنەوە و لە ئەزموونەکانیانەوە فێر دەبن. لە داهاتوودا، وەك ئەوەی پێشتریش و لە ئێستایشەوە دیارە ڕێژەی بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە هەڵکشانێکی خەیاڵیدا دەبێت، چونکە مرۆڤ چ لە ڕووی جۆرایەتی و چ لە ڕووی تاکایەتیەوە زیرەکتر و گەورەتر بووە و ئەو بڕە زانینەی جاران تاکە مرۆڤێك لە میانەی تەمەنێکدا بەدەستی دەهێنا، ئەمێستا لە سەرەتای هەرزەکاریدا بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەدەستی دەهێنێت. بۆیە لە ئێستاشدا شارستانییەت بە خێراییەکی زۆر زیاتر لەوەی ئێمە لە مێژوودا دەیناسین، دروست دەبێت. ئەمڕۆ کوڕێژگەکان لە باوانیان زیرەکترن، بەڵام مەرج نییە بە ئەزموونتر بن. بۆیە پێویستە سیاسەت و حکومداریی ڕەهەندیی ئەزموونکاری نەکاتە قوربانیی خێرایی دیجیتاڵی، بەڵام خێرایی دیجیتاڵی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەك هۆکارێکی پێوەندیکردن بە زۆرترین کەسەوە بەکار بهێنێت بۆ بڕیارگەلێك کە زۆرترین کەس ڕازیی بکات و باڵاترین ڕێژەی دادوەریی دابین بکات، دەنا لە ڕووی ئەخلاقییەوە کورت دەهێنێت. سیاسەت و حوکمداریی لە داهاتوودا بەبێ ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان شیاو نابێت، بەڵام ئینتەرنێت بەتەنیا ناتوانێت گەرەنتیی سەرکەوتنی سیاسییانە بێت. سیاسەت هەمیشە لە ئەخلاقدا سەرکەوتن بۆخۆی دروست دەکات. دابڕانی سیاسەت لە ئەخلاق و حوکمداری زەمینەی بەدوژمنکردنی هەمووان لە دژی هەمووان لە کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت و ئەو کاتەش هەرکەس ئەوە دەکات کە بۆخۆی مەیلی لێیەتی، نەك ئەوەی کە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش پێویستە.

١٠. ئەخلاق و ئینتەرنێت لە چیدا یەکدەگرنەوە؟

**مرۆڤ لەگەڵ ئینتەرنێتدا پابەندیی هیچ یاسایەکی سانسۆرکەر نییە و ئازادیی گەڕان بەناو تۆڕەکاندا چێژی ئەزموونکردنی ئازادانەش دەخاتە مێشکی بەکاربەرەوە**

ئینتەرنێت پەنجەرەیەکی فراوان لەسەر دنیابینیی ئەخلاقیانەی ئێمە دەکاتەوە. جیهان لە ئینتەرنێتدا بۆ تاکەکەس دەبێتە گوندێکی بچکۆلە کە دەتوانێت تا ئەندازەیەکی زۆر بە هەموو شتێکی ئەم دنیایە ئاشنا بێت. ئینتەرنێت لە ڕاستیدا شکاندنی کۆی ئەو سانسۆرانەیە کە بەناوی خودا، پاشا و باوکەوە لەسەر مرۆڤ داندرابوون. مرۆڤ لەگەڵ ئینتەرنێتدا پابەندیی هیچ یاسایەکی سانسۆرکەر نییە و ئازادیی گەڕان بەناو تۆڕەکاندا چێژی ئەزموونکردنی ئازادانەش دەخاتە مێشکی بەکاربەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئینتەرنێت هەمیشە ناچار بە هەڵبژاردنی ئاکاریانە و ئەخلاقیانەمان دەکات. ئینتەرنێت جیهانمان لە شێوەی فرەیی، هەمەڕەنگیی، پێوەندیی، لالێکردنەوە، بەرپرسیاری، پێکەوەهەڵکردن، لێبووردەیی و بەخشین و ئەزموونی هاوبەش و تاد. پێدەناسێنێتەوە. ئەم پەنجەرە فراوانە کە دنیای لێوە دەبینریێ، ناچار بە داڕشتنەوەی شوناسمان دەکات، لە شوناسێکی لۆکاڵییەوە بۆ شوناسێکی جیهانیانە. ناچار بە خۆڕزگارکردنمان دەکات لە پەنجەرە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژیا و ئایین و ڕەگەزپەرستی و ڕەهاییگەریی



سیاسـیی و تاد. ئەزموونی شارسـتانییەتەکان و مێژوو ئەوەی پیشـانداوین، کە لەنەبوونـی بواری هەڵبژاردن و ناسیندا ئاسـۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرتەسك بووە و لە سۆنگەی ئایینێکی تایبەت، ئایدیۆلۆژیەکی تایبەت و لەخۆتێگەیشـتنێکی تایبەتـەوە، ڕوانیویەتیە جیهان و ئەوانیتـر. بـەڵام هەرکات مرۆڤ دەرفەتی ناسـین، بەراوردکاریی، هەڵبـژاردن و خودموختاری هەبوبێت بە جۆرێکی دیکەش بیری کردۆتەوە. یۆنانییەکانی ئەسینا وایاندەزانیی ئەوان تاکـە میللەتی هەڵبژاردەن و عادات و خوو و ڕەوشـت و شـێوەژیانی ئەوان نموونەی بەرزیی ئاکاریـی مرۆییە. بەڵام کاتێك لە ئەنجامی تێکەڵبوونی بازرگانییەوە تێگەیشـتن کە یاسـا و خوو و ڕەوشـت و شـێوەژیانی ئـەوان تاقانـە نییە و خەڵکانێـك هەن بە شـێوازێکیتر دەژین و هیچ لەوەی ئـەوان کەمتر نییە، بیریان کردەوە و فەلسەفەیان داهێنا. ئەوان لەو ئەزموونەوە فێربوون و تێگەیشـتن کە شێوەژیانی ئەوان تەنیا یەکێکە لە شێوەژیانەکانی جیهان. ئینتەرنێت بەدیوێکی دیدا ئەم هەڵبژاردنەیە کە تاکەکەسەکان خۆیانی لەبەردەمدا دەبیننەوە تا بتوانن خۆیان لە پێشنووسە ئەخلاقیە میراتیەکان ڕزگار بکەن و هەڵوێسـت و ڕەفتارێك بنوێنن کە ئەوان لەودیو سنووری ئایین و ئایدیۆلۆژیا و ڕەگەزپەرستییەوە بەخۆیان بناسـێنێتەوە. بە دیوەکەی تریشدا دنیای ئینتەرنێت بۆی هەیە بـەو زانیارییـە ڕەمەکیانە تەوق بـدات کە وێنا پێشوەختەکان لەسـەر ئەوانیتر پتەو دەکەن و ببێتە کەناڵ و ئامرازێك بۆ شـکاندنەوەی ئەوانیتر بە پاساوی ئەوەی جیـاوازن. ئینتەرنێت پێش ئـەوەی ئەزموونێکی کردەیی بێت ئەزموونێکی زەینی و هۆشەکییە. فەلسەفەو دووبارە بیرکردنـەوە لەدایکبووی ئەو سـاتەوەختەیە کە مرۆڤ هەستدەکات ئەو لەم جیهانەدا بەتەنیا نییە و خەڵکانێکی تریش هەن کە پێویسـتە گفتوگۆیـان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی باشتر تێبگات کە بۆخۆی چۆن بیر دەکاتەوە.

١١. لەبەر ئەوە ئینتەرنێت چ وەك بەرهەمی زانسـت و چ وەك ساتەوەختێکی فەلسەفیی و دووبارەبیرکردنەوە، ئازادییەکی زۆر بە مرۆڤ دەبەخشێت ئەگەر بتوانێت ئەم ئازادییـە بەکار بهێنێت بەو ئاڕاسـتەیەدا کە چۆن ببێتە خۆی.

**ئەزموونی شارستانییەتەکان و مێژوو ئەوەی پیشانداوین، کە لەنەبوونی بواری هەڵبژاردن و ناسیندا ئاسۆی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرتەسک بووە و لە سۆنگەی ئایینێکی تایبەت، ئایدیۆلۆژیەکی تایبەت و لەخۆتێگەیشتنێکی تایبەتەوە، ڕوانیویەتییە جیهان و ئەوانیتر**

*** مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین**

## ژنی کوردستانی و خێزان

# لە زانکۆکاندا بەشێک بەناوی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردستانی بوونی نییە

٣



دکتۆر عادل باخەوان*

لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاواییدا، هەر لە ئیسپانیاوە تا دەگاتە فەرەنسا و سوێد و نەرویژ، دەسەڵاتی یاسادانان، ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانە بونییەویە فراوانانە داڕشتووەتەوە و هەر یەکێك لەو فۆرمە نوێیانەی خێزانی بەپێی یاسا ڕێکخستووە. لێرەوە، وردە وردە، لەنێو دادگاکاندا، لەبەردەم دادوەرەکاندا، سنورێك بۆ ئەو تێزانە دادەنرێت کە ئەرزشی بە فۆرمێکی تایبەت لە خێزان دەدا و فۆرمەکانی دیکەی بێ-ئەرزشدەکرد.

لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، تا ئەم ساتەوەختەش، فۆرمی هەژموونداری خێزان، لەنێو هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکاندا (بۆرژوا، وردە بۆرژوا، کرێکار، جووتیار، فەرمانبەر، چینی ناوەند، چینە نەرمەکان، چینە خواپێداوەکان، چینە کلۆڵەکان)، لەنێو هەمو حیزبە سیاسییەکاندا (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، لەنێو هەمو ئایدۆلۆژیەکاندا (عەلمانی، ئیسلامی، چەپ، ڕاست)، لەنێو هەموو تەمەنەکاندا (لاوان، پیران)، لەنێو هەمو سێکسەکاندا (پیاو، ژن)، لەنێو هەموو خاوەن بڕوانامەکاندا (شەشی ئامادەیی، بکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)، بریتییە لەو شتەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە درێژایی مێژوو ناویان ناوە : خێزانی ترادیسیۆنێل.

* تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

خێـــزان، کــە یەکێکـــە لـــە دەزگا هـــەرە مێژووییە و بەهێزەکانی دروســـتکردنی مرۆڤـــی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردســـتانیدا، تا ئێســـتا نەبووە بە یەکێك لە مەیدانـــە بەهێزەکانی توێژینەوەی زانســـتی. کۆی زانکۆکانی کوردستان، ســـەنتەرەکانی توێژینەوە و ئەو هەموو ملیۆن دۆلارەی کـــە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە خوێندکاران و مامۆســـتایان و پرۆسەی خوێندنی باڵادا خەرجی دەکات، نەیانتوانیوە شـــتێك بەناوی «زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانی کوردستانی» دروستبکەن. لەکاتێکدا یەکەم ئەرکی زانکۆ بریتییە لە دروستکردنی زانست، زانکۆی ئێمە، نەك هەر زانست دروست ناکات، بەڵکو ئەو زانستەش کە تائێستا لە زانکۆ جیهانییەکاندا دروستکراوە، ناتوانێت بیگەیەنێت بە خوێندکارەکانی!

لەهەلومەرجێکی ئاوادایە کە قســـەکردنی من لەســـەر بونیادی خێزانی کوردســـتانی و پاشـــان پێگەی ژن لەم خێزانـــەدا، دەبێت بـــە کارێکی زۆر ســـەختی نزیك لە موســـتەحیل. چونکە دەســـتپێکردنە لە خاڵی ســـفرەوە، سازدانی خاڵی ســـفرە، دەرچوونە لە بۆشایی یەکەمەوە. بەو مانایەی کە کارێکی جددی نییە کە من ڕەخنەی لێبگـــرم و لە خاڵە لاوازەکانییەوە دەســـت پێبکەم. دەبێت خۆم خاڵی بەهێز و لاوازی خۆم بم.

**خێزانی کوردستانی**

قسەکردن لەســـەر خێزان، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵگەیی مێژوویی، چیدی بەتەنیا قســـەکردن نییە لەســـەر یەك چوارچێوەی جیهانی بێ زەمان و بێ مەکانی یەکگرتووی یەکگرتووکاری یەکگرتووکراوی ئەودیو کولتوورەکان، ئایینـــەکان، نەتەوەکان، زمانـــەکان، چینەکان. بەڵکو قسەکردنیشـــە لەســـەر چەندین چوارچێوەی جیاواز کە ڕەنگە بەشـــێکی زۆریان تا ئێســـتاش بـــە کۆمەڵگەی کوردســـتانی نامۆبن. لەوانە خێزانی هاوڕەگەز، خێزانی ســـەرلەنوێ پێکەوە لەحیمکراو، خێزانی یەك سەرە، هتد. لەنێـــو کۆمەڵگەکانی مۆدێرنیتێـــی ڕۆژئاواییدا، هەر یەکێك لەم فۆرمانە لە خێزان ئامادەیە و بوون بە بەشـــێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوریی هاووڵاتیان.

لە چەندیـــن وڵاتی ڕۆژئاواییدا، هەر لە ئیســـپانیاوە تا دەگاتە فەرەنســـا و سوێد و نەرویژ، دەسەڵاتی یاسادانان، ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانە بونییەویە فراوانانە دارشتووەتەوە و هەر یەکێك لەو فۆرمە نوێیانەی خێزانی بەپێی یاسا ڕێکخستووە. لێرەوە، وردە وردە، لەنێو دادگاکاندا، لەبەردەم دادوەرەکاندا، سنورێك بۆ ئەو تێزانە دادەنرێت کە ئەرزشی بە فۆرمێکی تایبەت لە خێزان دەدا و فۆرمەکانی دیکەی بێ-ئەرزش دەکرد.

لە کۆمەڵگەی کوردســـتانیدا، تا ئەم ســـاتەوەختەش، فۆرمـــی هەژموونداری خێـــزان، لەنێو هەمـــوو چینە کۆمەڵایەتیەکانـــدا (بۆرژوا، وردە بـــۆرژوا، کرێکار، جووتیـــار، فەرمانبەر، چینی ناوەنـــد، چینە نەرمەکان، چینە خاوپێداوەکان، چینە کلۆڵەکان)، لەنێو هەمو حیزبە سیاســـییەکاندا (پارتی، یەکێتی، گـــۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، لەنێـــو هەمو ئایدۆلۆژیەکانـــدا (عەلمانی، ئیسلامی، چەپ، ڕاســـت)، لەنێو هەموو تەمەنەکاندا (لاوان، پیران)، لەنێو هەمو سێکســـەکاندا (پیاو، ژن)، لەنێـــو هەمووو خاوەن بڕوانامەکاندا (شەشـــی ئامادەیی، بکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)، بریتییە لەو شتەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە درێژایی مێژوو ناویان ناوە: خێزانی ترادیسیۆنێل.

**خێزانی ترادیسیۆنێل چیە ؟**

بێگومـــان بـــۆ وەڵامدانـــەوەی ئەم پرســـیارە ســـەدان سۆســـیۆلۆگ، چەندیـــن وەڵامیان پێشـــنیارکردووە و چەندین ئاســـتی جیاوازیان لێکداوەتـــەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە، لە ئێســـتا و ئێرەدا گرنگە، دروستکردنی لیستێك بۆ ئەو سۆســـیۆلۆگ و ئەو وەڵامانـــە نییە، هەرچەند کارێکی وەها بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و ئومێدەکەم لە کات و شوێنی دیکەدا کەسێك ئەنجامی بدات، بەڵکو پێشنیـــارکردنی چوارچێوەیەکی گشتییە کە بتوانێت تا ئاســـتێکی فراوان، بەشـــێکی زۆر لە ڕەهەندەکانی ئەم مۆدێلە لە خێزان هەرس بکات.

لێرەوە ئێمە خێزانی ترادیســـیۆنێل وەك بونیەیەك دەبینین کە پێش هەر شـــتێك ڕەگوڕیشەکانی لەنێو مێژوویەکی کۆمەڵایەتیـــدا دەدۆزینەوە، نەك لەنێـــو مێژووی دیاردە سروشتیەکاندا. واتە خێزان یەکێك نییە لە بەڵگەنەویستە سروشتیەکانی وەك سەرما و گەرما، بەڵکو دیاردەیەکی کولتورییە و لەنێو مێژووە بەشەریەکاندا و لەلایەن خودی بەشەرەکانەوە بنیادە کرێت.

ئـــەم بونیەیە کە هەمیشـــە تەواوی دەســـەڵاتەکان بە ڕەگەزی نێر دەبەخشێت و ڕەگەزی مێ وەك شوێنکەوتوو، گوێڕایەڵ، پەراوێزخراو، بێدەنگ، خزمەتکار وێنادەکات، هەڵگری گونجانێکی ناوەکی بەهێزە و لەیەک کاتدا بە چوار ئاڕاستەی گەورەدا کاردەکات و دەجووڵێت:

ئاڕاســـتەی خۆبەرهەمهێنانەوە. لەڕێگای دروستکردنی منـــداڵ لەدوای منداڵ، درێژە بە مێژووی کۆمەڵایەتی خۆی دەدات و لەنێو ڕووبەرەکاندا پێگە دانپیادانراوەکانی بەرهەم دەهێنێتـــەوە و نەوە بە نەوە پەیامەکان بەیەکتری دەگەیەنن.

ئاڕاســـتەی هاوئاهەنگـــی. دەزگای خێـــزان تـــەواوی

**ئایا لەکاتێکدا کە جیهان خۆی گلۆبلیزەدەکات و کوردستان دەبێت بە کۆڵانێک لە کۆڵانەکانی فەیسبوک، ئەم مۆدێلە لە خێزان تا کوێ دەتوانێت بمێنێتەوە و تا کوێ دەتوانێت بەرەنگاری بکات ؟**

**لە جوگرافیای کۆمەڵایەتی ئەم خێزانەدا، هەمو داتاکان بەرەو ئەوەمان دەبەن کە پێگەی ژنی کوردستانی، تا سەر ئێسقان، پێگەیەکی هەژموون لەسەر کراوە. لە خێزانی کوردستانیدا، تەواوی ئەرکەکانی «ناوەوە »ی ماڵ بە ژن دەسپێردرێت و تەواوی ئەرکەکانی «دەرەوە»ی ماڵ بە پیاو**

**خێزانی ترادیسیۆنێل وەک بونیەیەک دەبینین کە پێش هەر شتێک ڕەگوڕیشەکانی لەنێو مێژوویەکی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزینەوە، نەک لەنێو مێژووی دیاردە سروشتیەکاندا**

میکانیزمەکانی دەخاتە کار بۆ سڕینەوەی هەر جیاوازیەك کە گریمانەی سەرهەڵدان و پاشان دڕانی لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی مێژووی خێزانی لێبکرێت. خێزان هەمیشە دەیەوێت وەك ئاهەنگێکی مۆسیقی سازگار دەربکەوێت و جیاوازی وەك نەخۆشی تەماشا دەکات.

ئاڕاستەی سەقامگیری. لە یادەوەری دەستەجەمعی خێزاندا هیچ شتێك خراپتر نییە لە هەڵوەشانەوە یان دابڕان. بێهوودە نییە کە هەموو ئایینەکان بە توندی دژایەتی هەڵوەشانەوەی خێزان دەکەن، بەڕادەیەك کە لە هەندێك ئاییندا پاش جیابوونەوە، نە پیاو بۆی هەیە ژن بێنێت، نە ژنیش بۆی هەیە شووبکاتەوە.

ئاڕاستەی کۆتاییش بریتییە لە بەکۆمەڵایەتیکردن. پێش قوتابخانە، پێش زانکۆ، پێش مزگەوت و کەنیسە، خێزان ئەو دەزگایەیە کە هەر لە هاتنە دنیاوە، ئەرکی پرۆسێسی بەکۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤ دەبینێت. خێزان ڕووبەری یەکەمی دروستکردنی مرۆڤی کۆمەڵایەتییە و لەم ڕووبەرەدایە کە سەرەتای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ نۆرم، ڕێکخستن، ناو، ڕێسا و گرەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت.

لە جوگرافیای کۆمەڵایەتی ئەم خێزانەدا، هەموو داتاکان بەرەو ئەوەمان دەبەن کە پێگەی ژنی کوردستانی، تا سەر ئێسقان، پێگەیەکی هەژموون لەسەر کراوە. لە خێزانی کوردستانیدا، تەواوی ئەرکەکانی «ناوەوە»ی ماڵ بە ژن دەسپێردرێت و تەواوی ئەرکەکانی «دەرەوە»ی ماڵ بە پیاو. چێشت لێنان، قاپدانان، چێشتکردنە قاپەکان، کۆکردنەوەیان، شتنیان، پاککردنەوەی ماڵ، جلشتن، وشککردنەوەیان، ئوتوکردنیان ئەرکی ژنن. پەروەردەی منداڵ، پاککردنەوەی، شتنی، هەڵگرتنی، هاوڕێیەتیکردنی ئەرکی ژنە. لە کاتی دانیشتندا، هەمیشە دەبێت لە خوارەوە بێت، بێ مۆڵەتی مێردەکەی قسە نەکات، لە کاتی میوانداریدا، هەر ئەو میوە ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەم میوانەکان، چا دەهێنێت، پیاڵەکان کۆدەکاتەوە، دەیانشوات، پاشان هەمیشە چاوێکی لەسەر مێردەکەیەتی کە فەرمانێکی پێبکات و جێبەجێی بکات. بەڵام پیاو بەپێچەوانەوە، لەدەرەوەیە، کاردەکات، موچەی هەیە، پارە دەهێنێتەوە بۆ ماڵەوە، لە کاتی گەڕانەوەدا دەبێت خواردن لەسەر سفرەکە دانرابێت، پاش نانخواردن چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە ژنەکەی چای بۆ بێنێت، گۆرەویەکانی بۆ بشوات، حەمامی بۆ گەرم بکات، کە میوان دێت لەسەرەوە دادەنیشێت، لە زۆربەی دۆخەکاندا تەنها بە تیلەی چاو فەرمانەکانی بۆ ژنەکەی دەنێرێت. لەنێو ئەم خێزانەدا گەر پیاوێك «هەڵە بکات» و جارێك لە بری ژنەکەی میوە بۆ میوانەکانی دابنێت، ئیدی شوناسی پیاوێکی «ژنانی»، پیاوێکی «سوك»، پیاوێکی «بێ غیرەت»ی بۆ دروستدەکرێت و تا مردن هاوڕێیەتی دەکات.

**خێزان ڕووبەری یەکەمی دروستکردنی مرۆڤی کۆمەڵایەتییە و لەم ڕووبەرەدایە کە سەرەتای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ نۆرم، ڕێکخستن، ناو، ڕێسا و گرەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت**

لەم جوگرافیا کۆمەڵایەتییەدا، خێزانی کوردستانی لە دوو ئەکتەری یەکسان، ژن و پیاو، پێکنەهاتوە، بەڵکو لە پیاوێکی ئەکتیف و ژنێکی پاسیف پێکهاتوە. پیاوێك کە خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکانە و ژنێك کە خاوەنی هیچ یەکێك لە دەسەڵاتەکان نییە، پیاوێك کە لەنێو دەوڵەتی خێزاندا خۆی سەرکۆمار، سەرۆك وەزیرە و هەموو وەزارەتەکان بەڕێوەدەبات و ژنیش بەتەنیا ئەو خزمەتکارەیە کە بە فەزڵی مێردەکەیەوە و لە بەرامبەر «مانەوە لە ژیاندا» چاوەڕوانی فەرمانە بۆ جێبەجێکردن. لەم خێزانەدا پیاو هەمیشە چاوەڕوانی دەکرێت چونکە بەردەوام لەدەرەوەیە، ژن هەمیشە چاوەڕوانی دەکات چونکە بەردەوام لە ماڵەوەیە.

بێهێودە نییە کە لە خێزانی ترادیسیۆنێلدا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە باوك دەمرێت، دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە کوڕە گەورە دەسپێردرێن نەك بەو دایکەی کە کوڕە گەورەکەی کردووە بە مرۆڤ ! بەپێچەوانەوە، پاش مردنی باوکیش، لەڕێگای گرێبەستێکی ڕەمزیی کۆمەڵایەتییەوە، دیسانەوە دایك دەکەوێتە ژێر هەژموونی کوڕە گەورەکەی، کە درێژەپێدەری مێژووی هەژموونی نێرینەیە لەنێو خێزاندا.

پاش گەشتێکم بۆ کوردستان و چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەندین ژنی چالاك و ڕۆشنبیردا، تێگەشتم لەوەی کە، لەو دۆخە «ئیستیسنائیانەشدا» کە ژن لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و کار دەکات و موچەیەکی هەیە، کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبێت هەمان ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە پێشتر ئەنجامیداون ! واتە نێرینە ئامادە نییە بەهیچ شێوەیەك، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ژنەکەی وەك ئەو لەدەرەوە کار دەکات و پارە بۆ ماڵەوە دەهێنێتەوە، وەك ئەو ماندوو دەبێت و زەحمەت دەکێشێت، ئەرکەکانی ماڵەوەی لەگەڵدا دابەشبکات. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کارکردن نەك هەر ڕێگای ڕزگاری ژنان نییە، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئاستی چەوسانەوە و هەژموونکردنی زیاترە بەسەریاندا.

بەڵام ئایا لەکاتێکدا کە جیهان خۆی گڵۆبلیزەدەکات و کوردستان دەبێت بە کۆڵانێك لە کۆڵانەکانی فەیسبوك، ئەم مۆدێلە لە خێزان تا کوێ دەتوانێت بمێنێتەوە و تا کوێ دەتوانێت بەرەنگاری بکات ؟

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**